# کاریگەری میدیای نوێ لەسەر رەفتاری سیاسی تاك بەشداری سیاسی بەنموونە

## (توێژینەوەیەکی شیکاری و مەیدانییە)

**کەنعان حمە غەریب و رضوان أبوبکر محمد**

بەشی دیلۆماسیەت و پەیوەندییە گشتییەکان، کۆلێجی یاسا و ڕامیاری، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان- عێراق
بەشی زانستە ڕامیاریەکان، کۆلێجی زانستە ڕامیاریەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان- عێراق.

**پوختە**–گۆڕانکاریە خێراکانی تەکنۆلۆژیای زانیاری بە تایبەتی پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا زەمینەیەکی نوێیان بۆ بەشداری سیاسی وەك پێوەری رەفتاری سیاسی رەخساند. بەرپرسانی سیاسی لەلایەك و جەماوەر لەلایەکی دیکە ئەمرۆ ئارەزومەندانە بەشێوەیەکی بەرچاو ئامرازەکانی پەیوەندی بەکار دەهێنن و کاریگەری لەسەر یەکدی دادەنێن، چونکە سۆشیاڵ میدیا ئامڕازێکی دوو سەرەیە و بە شێوەیەکی ئاسان لە ڕێگەی مۆبایلی زیرەکەوە (سمارتفۆن) لە چرکەیەکدا هەر دوولا دەتوانن بکەونە گفتوگۆیەکی کاراوە، هەرئەمەشە وا دەکات جەماوەر دەتوانێت ڕۆژانە رەفتاری سیاسی بنوێنێت و فیدباک و ڕەخنە و پێشنیارو ڕاسپاردە بداتە بەرپرسان و ئەوانیش دەتوانن سیاسەتەکانیان لە ڕێگەی بۆچونەکانی جەماوەرەوە دابڕێژن، کەواتە میدیای نوێ خولقێنەری دوو جۆر رەفتاری سیاسییە لەنێوان (فەرمان رەواو فەرمانپێکراو) کەئەم کاریگەرییە بەراورد بەمیدیای تەقلیدی دەگمەن بوو، ئەم توێژینەوەیەش بە مەبەستی شیکاری بۆ ئاستی کاریگەری میدیای نوێ لەسەر رەفتاری سیاسی تاك چەقبەندی دەکات کە سەرەرای لایەنی تیۆری و هەوڵ دراوە بە چاوپێکەوتن و فۆرمی راپرسی بەدەرەنجامێکی وردی زانستی بگات.

**وشە کلیلییەکان:** میدیای نوێ و میدیای تەقلیدی، رەفتاری سیاسی، سۆشیاڵ میدیا ، تەکنەلۆژیای نوێ، دیموکراسی ژمارەیی (دیجیتاڵی).

**بەرایی:**

گومانی تێدا نییە بەر لە دەرکەوتنی سۆشیاڵ میدیا (وەك دیارترین روخساری میدیای نوێ)، کت و مت لەباڵادەستی میدیای تەقلیدیدا بەشداری سیاسی تاکەکەن سنوردار و لاواز بوو، بەشێوەیەك کە تاك تیایدا رۆڵی نادیدە دەگیرا لە زۆرێك لە پرسە سیاسییەکاندا، چونکە زۆرجار تاکەکان لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە وەکو پەرلەمانتارو ئەندامانی یەکێتی و سەندیکا و کۆمەڵە پیشەیی و جەماوەریەکان و میدیایەکی لاواز، داواکاری و پەیامەکانیان دەگەیاند. واتا تاکەکان زەمینەی تەواو و ڕاستەخۆیان لە بەردەستدا نەبوو بەشداربن لە پرۆسەی سیاسیدا و تەنها چوار ساڵ جارێک یان زیاتر لە ڕێگەی دەنگدانی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی و شارەوانیەکان بەتایبەتی لە سیستمە دیموکراسیەکان و نیمچە دیموکراسییەکان هەلی بەشداریان بۆ دەرەخسا.

سروشتی ئەم بەشداریکردنە پەیوەندیەکی ستونی و نا هاوسەنگی لە نێوان جەماوەرو دەسەڵات دروستدەکرد. بەڵام لە سەردەمی سۆشیاڵ میدیادا دەرکەوتنی پلاتفۆرمەکانی وەك (فەیس بووك و ئینستاگرام و تیك تۆك و هتد) زەمینەی زیاتر و فراوانتر بۆ جەماوەر دەرەخسێت کە بتوانن ڕاستەوخۆ ڕایەڵەی پەیوەندیەکانیان بە هێزبکەن و گروپەکانی فشارو دروست بکەن و خۆیان ڕاستەوخۆ بکەونە گتفتوگۆ لە گەڵ دەسەڵات و پەیام و نارەزایەتی پێشنیارو ڕاسپاردەکانیان لە چرکەیەکدا بگەیەنن، ئەگەر لەرێگەی کۆمێنتێکیشەوە بێت، کەئەمەش کاریگەری خۆی هەیە لەسەر رەفتارو جوڵەی تاك لە کۆمەڵگادا، چونکە ئەم داهێنانەی تەکنۆلۆژیای گەیاندن مەرج و فۆرمی تازەی بۆ پرسی بەشداری سیاسی لە تەواوی سیستمە سیاسیە جیاوازەکان خولقاندوە و پێناسەیەکی نوێی بۆ دیموکراسی ڕاسپاردەکردوە.

هەربۆیە لە میانەی ئەمەدا و لەم چوارچێوەیەدا زاراوەی دیموکراسی ژمارەیی یان دیجیتاڵی (Digital Democracy) وەک ئاماژەیەک بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆرمە جیاجیاکانی پەیوەندگیری و سۆشیاڵ میدیا لە بەستنەوەی جەماوەر و دەسەڵات و بەشداری سیاسی تاکەکان گوزارشتی لێوەدەکرێت. کە تیایدا بەروونی کاریگەری میدیای نوێ دەردەکەوێ لەسەر تاك،(کەئەمەش بەراورد بەمیدیای تەقلیدی تائاستی نەبوون بوو) بە پێی ڕای زۆرێک لە پسپۆڕانی سیستمی سیاسی ئەم گۆڕانکاری و داهێنانەی تەکنۆلۆژیا وەکو مەرجێکی سەرەکی ئاستی دیموکراسی دەبێندرێت و ئەو سیستەمانەی بانگەشە بۆ دیموکراسی دەکەن دەبێت بەرپرس و سەرکردەکانیان کاتی تەواو ببەخشن بۆ بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا بۆ ئەوەی لە گەڵ جەماوەردا پەیوەندی ببەستن و گوێ بۆ خواست و داواکاریەکانیان بگرن.

ئەوەی گرنگە لە کۆتایی ئەم پێشەکییەدا بوترێت، ئەوەیە: ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆمەڵێك کەسایەتی سیاسی و ئەکادیمی هەروەها

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 9، العدد 1(2023) ؛ عدد الصفحات (19)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v9n1y2023.pp135-153
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 13 تشرين الثاني 2022؛ قُبل في 20 كانون ٱلأول 2022؛ نُشرت في 30 كانون الثاني 2023؛
البريد الإلكتروني للمؤلف : radhwan.mohammad@uhd.edu.iq, kanaan.abdullah@uhd.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © 2023 کەنعان حمە غەریب و رضوان أبوبکر محمد، عثمان عبد القادر حمە امین. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

لەرێگەی فۆرمی ڕاپرسی، بەکۆمەڵێك دەرەنجامی زانستی گەشتووە کەلەکۆتایی توێژینەوەکەدا بەوردی ئاماژەیان پێکراوە.

**گرفتی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە وەك زۆرێك لە توێژینەوەکانی دیکە کە دەست بۆ بابەتە دەگمەن و گرنگە زانستییەکان دەبات، گرفتی بۆ دێتەپێش بەتایبەت لەو ڕووەوە کە میدیای نێو بەتایبەت پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا کەمترین توێژینەوە و ڕاپۆرتی زانستی لەبارەوەیە ئەنجامدراوە، بەتایبەت پەیوەندیدار بەهەرێمی کوردستان وەك کۆمەڵگایەك کە زۆر بەخێرایی و بەبێ توێژینەوە و وردبنەوەی زانستی دەست بەبەکارهێنانی کرا.

**کێشەی توێژینەوە:**

دەکرێت کێشەی توێژینەوەکە لەچەند پرسیارێکی بنەڕەتیدا دەستنیشان بکەین، تاکو چوارچێوەی کێشەی توێژینەوەکە ڕوونتر بێت، ئەوانیش:

1ـ میدیای نوێ بەراورد بەمیدیای تەقلیدی کاریگەری لەسەر تاك چییە و چەندە؟

2ـ ئایا میدیای نوێ زەمینەی دیموکراسی ڕەخساندووە بۆ بەشداری سیاسی تاکەکان؟

3ـ میدیای نوێ چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕەفتاری سیاسی تاکەکان داناوە؟ ئایا هیچ گۆرانکارییەك ڕویداوە؟

**میتۆدی توێژنەوەکە:**

**ـ ئەم توێژینەوەیە پشتی بەدوو میتۆدی سەرەکی بەستووە، ئەوانیش:**

1ـ میتۆدی چۆنیەتی (Qualitative Method) لە ڕێگەی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆمەڵە کەسانێکی سیاسی و ئەکادیمی کە پەیوەستن بە بابەتەکەوە.

2ـ میتۆدی چەندیەتی ـ ڕاپیوی(Survey Method ) لەرێگەی ئەنجامدانی فۆرمی ڕاپرسی کەبەشێکە لە میتۆدی ڕاپێوی، و ژمارەی بەرتوێژەکان بریتی بوو لە (302) کەس.


ـ لەخشتەکانی دواتردا زانیاری تەواو لەبارەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە خراوەتەروو لەبارەی تەمەن و ڕەگەزو شوێنی نیشتەجێ بوون و باکگراوندی سیاسی و ...هتد هەندێ زانیاری دیکەی پەیوەندیدارو پێویست بە وەڵامی ئەو کەسانەی کە فۆرمەکەیان پڕ کردۆتەوە.. بەمشێوەیەی خوارەوە:

**خشتەی ژمارە (١)**

**ڕەگەز**

| ڕەگەز | دووبارە | ڕێژەی سەدی (٪) |
|---|---|---|
| نێر | ١٩٨ | ٦٥,٦ |
| مێ | ١٠٤ | ٣٤,٤ |
| کۆ | ٣٠٢ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (١) کە زانیارییەکانی تێدایە تایبەت بە "ڕەگەز" لەنێوان نێرو مێ لە توێژینەوەکەدا، چونکە هەموو توێژینەوەیەکی مەیدانی پێویست دەکات کە ڕەگەزی بەرتوێژ دیاری بکرێت، بەپێی خشتەی بەردەست لەکۆی (302) فۆرم کە بەشێوەیەکی ئۆن لاین و ڕووبەڕوو دابەش کراوە بەسەر بەشداربووانی ڕاپرسییەکەدا لەکۆی گشتی تەنها (198) کەس لەڕەگەزی نێر بوون کە دەکات(٦٥,٦) کە ئەمەش ڕێژەی نیوەی زیادی بەشداربووەکانی بەردەست بووە، و لەبەرامبەردا تەنها ١٠٤ کەس لە ڕەگەزی مێ بەشدار بوون لە ڕاپرسییەکەدا کە دەکاتە ڕێژەی (٣٤,٤) کە ئەمەش نزیکە لە ڕێژەی نیوەی ڕەگەزی نێر کە وەرگیرابوو، کە ئەگەر شیکارییەکی وردی ئەمە بکرێت، دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە ڕێژەی کچان و ژنان لەکۆمەڵگەی کوردی تاکو ئەمڕۆش کەمتر بەشدارن لە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، چونکە ڕاپرسی توێژینەوەکە لەدەرەنجامدا بۆ دۆزینەوەی ڕادەی کاریگەری میدیای نوێ و سۆشیاڵ میدیایە لەسەر ڕەفتاری سیاسی، واتە ئەگەر بەگشتی کاریگەری میدیا باس بکرایە لەسەر ڕەفتاری تاك ئەوکاتە دەکرا ڕێژەی ڕەگەزی نێرو مێ وەك یەك بەشداریان بکردایە بەڵام لەبەر ئەوەی ڕاپرسییەکە ڕەهەندێکی سیاسی هەیە و باس لە ڕەفتاری سیاسی دەکات ئەوکاتە مەودای بەشداریکردنی ڕەگەزی مێ ڕاستەوخۆ بچوکتر دەبێتەوە، ئەمەش سەرەرای ئەوەی کە بەشداریکردنی ڕەگەزی مێ لە کۆی پرۆسەی ڕاپرسییەکە کەمتر بوو بەراورد بە پیاوان، کەئەمەش جارێکی دیکە ڕێژەی مێ لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بەراورد بە پیاو کەمتر بوو.




**هێڵکاری ژمارە (١): تەمەن**

دیاریکردنی تەمەنی بەرتوێژ یەکێکی دیکەیە لە بڕگەکانی هەموو ڕاپرسییەکی زانستی، تاکو بزانرێت تەمەنی بەشداربووان چەندە و کام چینەی کۆمەڵگا زۆرتر بەشدار بووە لە توێژینەوەکەدا، هەروەها کام تەمەن زۆرتر پێویستە بۆ توێژینەوەکە کەباس لە ڕۆڵ و کاریگەری میدیای دیجیتاڵی و سەردەمی دەکات.

تەمەنەکان لەنێوان (23 ـ 33) زۆرترین بەشداربووی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت، کە لەڕاستیدا ئەم دە ساڵە کاریگەرترین ئەو توێژەن کەئەمڕۆ زۆرترین سۆشیاڵ میدیا بەراورد بەتەمەنەکانی دیکە بەکار دەهێنن، هەرچەندە تەمەنەکانی (20، 21ـ 22ـ ) هەروەها تەمەنەکانی (40 تا48) ئەوانیش بەشدارییەکی زۆریان هەیە بەڵام ئەو دە ساڵەی کە دیاریکراوە زۆرترین بەشداری بووە.

هەروەها تەمەنەکانی، (16 و 18و 19 و هەروەها لەوسەریش (49 و 50 تا 59 جگە لە 55) کەمترین ڕێژەی بەشداربووانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت بەپێی ئەو هێڵکاری ژمارە (5) تایبەت بە تەمەنی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە.

**خشتەی ژمارە (2)**

**ئاستی زانستی**

| ئاستی زانستی | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ٤ | ١,٣ |
| بنەڕەتی و ئامادەیی | ٤٤ | ١٤,٦ |
| دبلۆم و بەکالۆریۆس | ١٩٢ | ٦٣,٦ |
| ماستەرو دکتۆرا | ٦٢ | ٢٠,٥ |
| کۆ | ٣٠٢ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٢) کە تایبەتە بە ئاستی زانستی بەرتوێژ یەکێکی دیکەیە لە پرسیارە گرنگەکانی راپرسییەکە کە ئاراستەی (302) بەشداربووەکە کراوە، چونکە ئەو کۆمەڵگەی توێژینەوە کە وەردەگیرێت پێویست دەکات ئاستی زانست و زانیارییان دیاری بکرێت، کەلە خشتەی ژمارە (٢) بەروونی و بەداتای زانستی ئەوە شی کراوەتەوە کەلەنێوان (نەخوێندەوارو بنەڕەتی و ئامادەیی و دبلۆم و بەکالۆریۆس و ماستەرو دکتۆرا) دابەشکراوە، بەمشێوەیە، ئەویش: سەرەتا تەنها وەك نموونە توێژەر چەند فۆڕمێکی کەم لەنێوان چەند هاونیشتمانییەکی نەخوێندەوار دابەشکرا کە توێژەر راستەوخۆ دانیشتووە لەگەڵیاندا تاکو پڕی بکاتەوە بۆیان، بەڵام لەم ژمارەیە کە 10 کەس دەبوون وەك سامپڵ وەرگیراون تەنها 4 کەسیان ئامادەبوون وەڵامی پرسیارەکانمان بدەنەوە، کە بەرێژەی (١,٣) دەکات، کەئەمەش دەرخەری ئەو راستییە نەخوێندەوارەکان کەمتر کاریگەرن بە میدیای نوێ.

هەروەها دواتر فۆرمی راپرسییەکە بەشێوەی دیجیتاڵی و ئۆن لاین گەشتۆتە بەردەم ئەوانەی دیکە کە خوێندەواریان هەبووە و توانیویانە پڕی بکەنەوە، کە ٤٤ کەسیان لە بنەڕەتی و ئامادەیی بوون کە دەکاتە ڕێژەی (١٤,٦) هەروەها (١٩٢) لە دبلۆم و بەکالۆریس فۆرمەکایان پڕکردۆتەوە کە دەکاتە ڕێژەی (٦٣,٦) کەئەمەش زۆرترین بەشداربووی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی ئێمەن کە دیسان راستییەکی دیکەیە کە ئەمرۆ کۆمەڵگەی کوردی زۆرترین دەرچووی دبلۆم و بەکالۆریس لەخۆ دەگرێت کە دوای ئەوانیش ماستەرو دکتۆرا هاتووە کە ژمارەیان (٦٢) کە دەکاتە ڕێژەی (٢٠,٥) لە کۆی گشتی فۆرمەکان کە ژمارە (٣٠٢)

**خشتەی ژمارە (٣)**

**پیشە**

| پیشە | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| مامۆستای زانکۆ | ٤١ | ١٣,٦ |
| میدیاکار | ٢٥ | ٨,٣ |
| سیاسەتوان | ٩ | ٣ |
| کارمەندی پلە تایبەتەکان | ٢ | ٠,٧ |
| کارمەندی ئاسایی لەکەرتی حکومی | ٧٠ | ٢٣,٢ |
| کارمەند لەکەرتی تایبەت | ٣٩ | ١٢,٩ |
| خاوەن کاری خۆی | ٥١ | ١٦,٩ |
| بێکار | ٦٤ | ٢١,٢ |
| دامەزراوی کەرتی تایبەت | ١ | ٠,٣ |
| کۆ | ٣٠٢ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە(٣) پیشەو کاری رۆژانەی ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دیاری دەکات، کە هەرچەندە کارمەندی ئاسایی لەکەرتی حکومی زۆرترین ڕێژەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان بەرێژەی (٢٣,٢) لەخۆدەگرێت کەژمارەیان (٧٠) کەسە، بەڵام ڕێژەی بێکارو بێ ئیش ئاستێکی زۆری تۆمار کردووە کە ژمارەیان (٦٤) بەشداربوو دەبێت کە دەکاتە ڕێژەی (٢١,٢)، کەئەمەش پشتراستی خشتەی پێشتر دەکاتەوە کە ڕێژەی دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان (٦٣,٦) بوو، چونکە ئەمرۆ دەرچوویەکی زۆر دانەمەزراون و بێکارن، کە بەشێکی سەرەکی بەشدارانی توێژینەوەکەش لەخۆدەگرن، دواتر ئەوانەی خاوەن کاری خۆیانن کەژمارەیان (٥١) کەسن کە دەکاتە ڕێژەی (١٦,٩)، هەروەها دواتر مامۆستایانی زانکۆ کە ژمارەیان (٤١) کەسە، بەرێژەی (١٣,٦) دێت، کەئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت بەشێکی زۆر کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان کەسانی هۆشیارن بەبابەتی توێژنەوەکە. دواتر ئەوانەی لەکەرتی تایبەت دامەزراون ژمارەیان (٣٩) بەشداربوو دەبێت بەرێژەی (١٢,٩)، کەئەمەش دیسان راستی تێدایە کە دامەزراوی کەرتی تایبەت لەهەرێمی کوردستان بەراورد بە کەرتی گشتی ژماریان وەك یەك نییە، هەروەها لە چین و سێکتەرەکانی دیکە وەك سیاسەتوان و میدیاکارو کارمەندی پلە تایبەت و خاوەن کار لە کەرتی تایبەت هەریەکەیان بە ڕێژەیەکی کەم دێت وەك لەخشتەی ئاماژەبۆکراوی سەرەوەدا دیارە.

**خشتەی ژمارە (٤)**

**باکگراوندی سیاسی**

| باکگراوندی سیاسی | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| حزبی | ١٠٥ | ٣٤,٨ |
| بێ لایەن | ١٧٩ | ٥٩,٣ |
| ئەندامی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی | ١٨ | ٦ |
| کۆ | ٣٠٢ | ١٠٠ |

بەهۆکاری ئەوەی توێژینەکە رەهەندێکی تەواو سیاسی هەیە لەنێو بەشی زانستە رامیارییەکان و شیکردنەوەی رەفتاری سیاس تاکەکانە بۆیە زانینی باکگراوندی سیاسی بەرتوێژ گرنگی خۆی هەیە، کەدەرەنجام بەم شێوەیە بوو وەك لەخشتەی ژمارە (٤) روونە کە نیوە زیادی بەشداربووان وەك بێ لایەن فۆرمەکەیان پڕکردتەوە کە ژمارەیان (١٧٩) کە دەکاتە ڕێژەی (٥٩,٣) هەروەها لەبەرامبەردا (١٠٥) کەس وەك لایەندارو ئەندامی حزبی خۆیان تۆمار کردووە کەژمارەیان دەگاتە (٣٤,٨) لەکۆی (٣٠٢) تەواوی بەشداربووان، هەروەها ئەندامی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەك کەمترین رێژە لە خشتەکەدا هاتووە کەژمارە (١٨) بەرێژەی (٦,٠).

**خشتەی ژمارە (5)**

**شوێنی نیشتەجێبوون**

| شوێنی نیشتەجێبوون | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| شار (ناوەندی پارێزگا) | ١٩٨ | ١٩٨ |
| شارۆچکە (قەزا) | ٧٣ | ٢٤,٢ |
| شارەدێ (ناحیە) | ١٩ | ٦,٣ |
| دێ (گوند) | ١٢ | ٤ |
| کۆ | ٣٠٢ | ١٠٠ |

جوگرافیاو شوێنی نیشتەجێبوون بەشێکی دیکەی زانیارییە پێویست و گرنگەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، کەبەپێی فۆرمی دابەشکراو لەنێوان بەرتوێژەکاندا (١٩٨) لە شار نیشتەجێ بوون بەرێژەی (١٩٨) کە زۆرترین ئاستی تۆمارکردووە هەروەها دوای ئەو شارۆچکە (قەزا) دێت کە ژمارە (٧٣) بەرێژەی

(٢٤،٢) دواتر شارەدێ (ناحیە) بەرێژەی (٦،٣)کەژمارەی بەشداربووانی فۆرمەکە لەکۆی (٣٠٢) تەنها (١٩) پڕیان کردۆتەوە هەروەها دێ (گوند) کەژمارەیان (١٢) کەس دەبێت بەرێژەی (٤،٠).

**پێکهاتەی توێژینەوە:**

پێکهاتەو هەیکەلی توێژینەوەکە لە سێ باسی سەرەکی پێك دێت کەباسی یەکەم: دەروازەی میدیاو میدیای نوێ و میدیای تەقلیدی لەخۆ دەگرێت و تیایدا بەوردی سەرەرای ناساندنی میدیا بەگشتی تیشك دەخرێتەسەر میدیای تەقلیدی و نوێ و جیاوازی نێوانیشیان.هەروەها لەباسی دووەم: کاریگەری میدیای نوێ لەسەر رەفتاری سیاسی باس دەکرێت. کە تیایدا رەفتارو رەفتاری سیاسی شی دەکرێتەوە و دواتر بەوردی باس لە بابەتە سەرەکییەکە دەکرێت کە برتییە لە کاریگەری میدیای نوێ لەسەر رەفتاری سیاسی تاك، هەروەها باسی سێیەم: بەشێوەیەکی زانستی دەرەنجامی راپرسی و چاوپێکەوتنەکان تێهەڵکێش کراون و شیکارییەکی ورد کراوە بۆ زانیارییە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە.

**توێژینەوەکانی پێشتر:**

یەکێك لە بابەتە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە بریتییە لە توێژینەوەکانی پێشتر کە خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت تاکو پەی بە بابەتەکە زۆرتر ببرێت، بەم شێوەیە:

میدیای نوێ و کاریگەرییەکەی وەك لە پاشگرەکەیەوە دەردەکەوێت بابەتێکی نوێیە بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و توێژینەوەی زانستی، کەئەمەش ئالنگارییەکی تەواوە لەبەردەم توێژەردا بەڵام کۆمەڵێك توێژینەوەی پێشتریش هەن بۆ ئەوەی وەك دەروازەیەك ئاماژەیان پێ بکرێت و ببنە دەلاقەیەك بۆ بەرچاوو روونی زیاتر. دەکرێت ئاماژە بەچەند توێژینەوەو نوسینێکی زانستی بکرێت کە لەناوەو هەم لە دەرەوەی هەرێم لەمبارەوە نوسراون ..سەرەتا تیشك خستنی توێژینەوەکە بۆ ئەو توێژینەوانەیە کەلە زانکۆو ناوەندە ئەکادیمییەکانی هەرێمی کوردستان نوسراون، ئاراز رەمەزان ئەحمەد کە لە زانکۆی سلێمانی، توێژینەوەیەکی شیکاری مەیدانی وەسفیی نوسیوە لەبارەی ( رۆڵی پێگە ئەلکترۆنییەکان لە پێکهێنانی زانینی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا)کە تیایدا باس لە رۆڵ و کاریگەری پێگە ئەلکترۆنییەکان لەنێو دونیای دیجیتاڵ میدیا و میدیای نوێ دەکات لە زانین و هوشیاری سیاسی و کاریگەری لەسەر رەفتاری سیاسی تاکەکان، بەتایبەت لەنێو چینی مامۆستایانی زانکۆ کە توێژەر سەرەتا لەرێگەی راپرسی داتاکانی کۆکردۆتەوە و دواتر شیکارییەکی زانستی کردووە بۆیان، کەئەمەش تارادەیەك نزیکە لەکارەکەی ئێمەوە بەتایبەت باسکردن لەپەیوەندی نێوان پێگە ئەلکترۆنییەکان و هوشیاری سیاسی و سلوکی سیاسی، کە دەرەنجام گەشتووە بەو زانینەی پێگە ئەلکترۆنیە کوردییەکان وەك سیما دیارەکانی میدیای نوێ سەرچاوەیەکی باش و سەرەکین بۆ تاك و مامۆستایانی زانکۆ لە وەرگرتنی زانین و هوشیاری سیاسیدا.

بەڵام، بەرهەم خالد أحمد صالح لە هەمان زانکۆ لە توێژینەوەکەیدا بەناونیشانی: (رۆڵی میدیای نوێ لە پرۆسەی دروستکردنی بریاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا) کە ئەویش دیسان لێکۆڵینەوەیەکی (شیکاری وەسفییە) جەخت دەخاتە سەر ئەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوان میدیا و سیاسەت کە پەیوەندییەکی دوو لایەنە و کاریگەر لەسەر یەکدی دادەنێن، هەرچەندە ئەم توێژینەوەش پاڵپشتە بە فۆرمی راپرسی بەڵام جەخت ناکاتە سەر کاریگەری میدیای نوێ لەسەر زانینی سیاسی بەتەنها وەك توێژینەوەکەی پێشتر کە ئاماژەمان پێدا، بەڵکو زۆرتر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە میدیای نوێ چەند رۆڵ و کاریگەری هەیە لەسەر بریاردەران و بریاری سیاسی و لە پرۆسەی دیموکراتیدا.؟ کەئەمەش لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە نزیکمان دەکاتەوە لە توێژینەوەکەمان.

بەرهەم خالد: تیایدا چەند پرسیارێکی گرنگ وەك کێشەی توێژینەوەکەی دەخاتەروو، کە ئایا میدیای نوێ رۆڵی هەیە لە قۆناغەکانی دروستکردنی بریاری سیاسی؟یان ـ میدیای نوێ تا چەند کاریگەری هەیە لەسەر هەڵوێست و رۆڵی پەرلەمانتارو سیاسییەکان لەهەرێمی کوردستان.؟ کەئەمەیە نزیکمان دەکاتەوە لە کاریگەری میدیا لەسەر رەفتاری سیاسی تاك لەهەرێمی کوردستان.

میدیای نوێ تەواوی کایەکانی ژیانی گرتۆتەوە بۆیە هەندێ توێژینەوە گۆشەی مارکێتینگ بەهەند وەردەگرن کە تا چەند لەرێگەی تۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەم پرۆسەیە ئەنجامگیر دەبێت، نەوشیروان فرج احمد کە توێژینەوەیەکی لە زانکۆی سلێمانی، پێشکەش کردووە باس لە رۆڵی مارکێتینگ لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە زیادکردنی فرۆشدا دەکات، کە کۆمپانیاکانی (ئاسیاسێل و کۆرەک تیلیکۆم) بە نموونە وەرگرتووە، ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەی بریتییە لە دەرخستنی پەیوەندیی نێوان مارکێتینگ و تۆرەکۆمەڵایەتییەکان لەنێو دونیای دیجیتاڵ میدیاداو هەروەها دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی مارکێتینگ لە رێگەی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان و میدیای نوێوە، کە ئەمەش تارادەیەك نزیکە لەکارەکەی ئێمەوە کەباس لەرۆڵ و کاریگەری میدیای نوێ دەکەین لەسەر رەفتارو کاری رۆژانەی تاك.

پەیوەندی نێوان (ململانێ و بەرژەوەندی نێوان رۆژنامەوانان و سیاسەتوانان) یەکێکی دیکەیە لەو بابەتانەی کەوا بەدرێژایی توێژینەوەکەمان دێتە بەردەمان، هەروەکو د.ئەحمەد عومەر بلی، لە توێژینەوەیەکدا لە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی بەناونیشانی (Conflict and interest between journalists and politicians in Iraq in the age of media entrepreneurship)کە تیایدا ئاماژە دەکات بە بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانی نێوان رۆژنامەنووسان و سیاسەتمەداران کە ئاماژە دەکات بەوەی بەهۆی ئاسانی لەبەکارهێنانی میدیا لە سایەی شۆرشی ئەپلیکەیشنەکان و دیجتاڵ میدیا، رۆژنامەوان دەتوانێ بەکەمترین کات و بەخێرایی زۆرترین کار ئەنجام بدات و بابەتەکانی بڵاو بکاتەوە، کە هەرئەمەش وا دەکات لەکاتی بوونی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکاندا سیاسەتمەدارەکان لەرێگەی هەندێ رۆژنامەوانەوە دۆخەکە کۆنترۆڵ دەکەن بە بڵاوی کردنەوەی هەندێ بابەت و سەرنج، کەواتە میدیای نوێ پەیوەندییەکی نوێش لەنێوان ئەم دوو شەریحەیەدا درووست دەکات، کەپەیوەندی نێوان ومیدیاو سیاسەتە.

هەندێ لە توێژینەوەکانی پێشتر ئاماژە بە پێشکەوتنی کاری میدیایی و کاریگەری میدیای نوێ دەکەن بەتایبەت لە بواری بەرهەمهێناندا کەئەمەش کێشەی بۆ کۆمپانیا گەورەکانی بواری میدیا درووست کردووە، هەروەکو لەتوێژینەوەیەکدا بەناونیشانی (Iraqi media entrepreneurs across social media: Factors and challenges)کەلەلایەن شێرکۆ جەبار و هەژار جەلال لەزانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی ئەنجامدراوە ، بەکورتی لەبەر سێ هۆکار ئەو راستییە ئاشکرا دەکەن کە کاری میدیایی لەعێراق و هەرێمی کوردستان لەرێگەی سمارتفۆنەکانەوە رووبەرووی قۆناغێکی نوێ بۆتەوە، ئەوانیش: ئازادی لەکارکردن و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا ، قۆستنەوەی ئەم دوو خاڵەی پێشووش وایکردووە کە میدیای نوێ ئەمرۆ کاریگەری دوو بەرامبەر بێت و زۆرترین هاوڵاتی بەکارهێنەری بن و کاریگەری زۆرتر لەسەر سلوك و بیروباوەرەکانیان دابنێت بەبەراورد بە میدیا تەقلیدییەکە کە بەکارهێنان و مامەڵەکردن لەگەڵی ئاسان نەبووە بەتایبەت لەرووی ستاف و ئیداری و

بەرێوەبردنەوە.کەئەمەش بەتەواوی نزیکە لە توێژینەوەکەی ئێمە و یەکێك دەبێ لەسەرچاوەکانی پێشتر کە گرنگ دەبێت بۆمان.

ئەو سەرچاوانەی پێشوو هیچیان بەتەواوی باسی لە کاریگەری میدیا و میدیای نوێ نەکردووە لەسەر رەفتاری سیاسی تاك لە هەرێمی کوردستان، هەرچەندە توێژنەوەی دیکە هەیە کە باس لە رەفتاری سیاسی دەکات بەڵام ئەو پەیوەندییە باس ناکات کەلەنێوان میدیا و سلوکی سیاسی هەیە، هەربۆ نموونە لەبارەی رەفتاری سیاسی و ئەو هۆکارانەی کاریگەری لەسەر رەفتاری مرۆڤ دادەنێن بەتایبەت میدیا و ئاین، د.مەهدی ئەبوبەکر لەزانکۆی سلێمانی توێژینەوەیەکی زانستی ئەنجامداوە بەناونیشانی ( دور القيم في تكوين السلوك السياسي دراسة تحليلية في ماهية العالقة الا نعكاسية بين الدين والسياسة) کە تیایدا بەوردی باس لەجۆرەکانی رەفتار دەکات و ئەو هۆکارانەش شەن و کەو دەکات کە دەبنە هۆی دروستبوونی سلوك بەتایبەت سلوکی سیاسی تاك، بەڵام وەك ئاماژەمان پێدا ناوبراویش پێ لەسەر میدیاو میدیای نوێ دانانێت کە ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەی ئێمەیە بەڵکو بەشێوەیەکی لاوەکی باس لە راگەیاندن دەکات لە دروستکردنی تەنشیئەی سیاسی و کاریگەری لەسەر رەفتاری تاکەکان.

هەندێ نوسین و توێژینەوە راستەوخۆ باس لە پەیوەندی نێوان و راگەیاندن و سیستەمی سیاسی دەکەن کەئەمەش کاریگەری هەردووکیان لەسەر یەکدی باس دەکەن هەروەکو "مجید ساڵح" لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی (راگەیاندن و سیاسەتی راگەیاندن لەهەرێمی کوردستاندا) لەسەر بنەمای دابەشکردنی سیستەمی راگەیاندن لەسەر ئاستی جیهان بۆ (لیبراڵی و سۆشیالیستی) باس لە شەش جۆر سیستەم دەکات کە تیایدا راگەیاندن بەپێی سیستەمە سیاسیەکان و کۆمەڵگاکان گۆرانکاری بەسەردا دێت و رادەی کاریگەری لەسەر هوشیاری سیاسی و رەفتاری تاکەکان دەگۆرێت. بۆ نمونە لە سیستەمە پانخوازەکاندا وەك لەسەردەمی فاشیستی ئیتالیاو و ئەڵمانیای نازی و سەدام و قەزافی لە رۆژهەڵات کە راگەیاندن قۆرخ کرابوو و کاریگەری وەك ئەو راگەیاندنە نییە کەلە سیستەمی بەشداری دیموکراسیانەدا هەیە کە ئازادی تەواو دەدرێت بە کاری میدیایی و میدیاکاران تاکو هەستن بە کارو بەرپرسیارێتی تەواوی خۆیان، کەئەمەش دەبێت لەتوێژینەوەکەماندا ئاماژەی پێ بکەین کە چۆن میدیای نوێ بەپێی سیستەمە سیاسییەکان گۆرانکاری بەسەر رۆل و کاریگەریدا دێت، کە پێویستە کاتێك باس لە میدیا و کاریگەری دەکەین بەپێی جۆری سیستەمە سیاسیەکان دابەشکاری بکەین ئینجا رۆڵ و کاریگەری میدیای نوێ دەردەکەوێ بۆمان.

هەروەکو چۆن ئەرشەد خەلیل شوانی لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی ( راگەیاندن و هوشیاری سیاسی) بەهەمان شێوەی نوسینەکەی مەجید ساڵح باس لە سیستەمەکانی راگەیاندن و رۆڵ و کاریگەریان دەکات لەسەر هوشیاری و رەفتاری سیاسی تاك، کە لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی سەرەکی نوسینەکەی تەرخانکردووە بۆ لایەنی مەیدانی و وەرگرتنی داتاو زانیاری لەرێگەی فۆرمی راپرسی تاکو زۆرتر لە رۆڵ و کاریگەری میدیا و تۆرەکانی پەیوەندی بکۆڵێتەوە.هەروەها بەهەمان شێوەش فاروق جەمیل کەریم کە وەرگێرانی بۆ کتێبێکی دکتۆر فاروق ئەبوزەید کردووە بەناونیشانی (میدیا و دەسەڵات) دیسان لەروانگەی باسکردن لە سیستەمەکانی راگەیاندن ، باسی لە رۆڵ و کاریگەری میدیا کردووە لەسەر تاکەکان، هەروەها ئەو پرسیارەی وروژاندووە کە پەیوەندی نێوان میدیا و دەسەڵات چییە و کامیان کاریگەری لەسەر ئەوی دیکەیان دادەنێت.بەڵام هیچکامیان بەتەواوی باس لە رۆڵ و کاریگەری میدیا و میدیای نوێ ناکەن کەچۆن کاریگەری دادەنێت لەسەر بیرکردنەوە و رەفتاری سیاسی تاکەکان، کە ئەمەش ئەرکەکەی ئێمە تارادەیەك لەلایەك قورستر دەکات ولەلایەکی دیکەش بایەخی زانستی زیاتر دەکات کە پێشتر توێژینەوەی لەو شێوەیە بەتایبەت لەهەرێمی کوردستان ئەنجام نەدراوە.

کەواتە میدیای نوێ دەکرێت لەچەند گۆشە نیگایەکی جیاوازەوە خوێندنەوەی زانستی بۆ بکرێت کە هەریەکەیان بەجۆرێك کاریگەری لەسەر تاك دادەنێت، هەروەکو لەتیف حسێن لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی (میدیاو بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی) کە باس لە رۆڵ و کاریگەری میدیاو میدیای نوێ دەکات لەهەرێمی کوردستان، ناوبراو کۆمەڵێك وتارو بیروراو سەرنجی رۆژنامەنوسان و خوێنەرانی بواری میدیای هێناوە و دارشتنیان کردووە بۆ کاریگەرییە باش و خراپەکانی میدیا و رۆڵی راگەیاندن لەرومالکردن و بابەتە گرنگەکانی کۆمەڵگادا بەڵام لەتەواوی نوسینەکانیاندا بەهیچ شێوەیەك باسیان لەوە نەکردووە کە چۆن و بەچ شێوەیەك میدیای نوێ کاریگەری لەسەر سلوکی سیاسی تاکەکان دادەنێت.

کتێبی (توێژینەوەی میدیایی ـ کە زنجیرەیەك توێژینەوەی ئەکادیمییە لەبارەی راگەیاندن و رۆژنامەگەری کوردی) کەژمارەیان (10) توێژینەوەیە و لەلایەن پ.ی.د. یەحیا عومەر رێشاوی کۆکراوەتەوە، بەسەیرکردنی هەریەکە لەو توێژینەوانەی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت تەنها توێژینەوەکەی (م.د.تریفە عومەر ئەحمەد و پ.ی.د.کاوە عەبدولرەزا) نەبێت لەبارەی رۆڵی ماسمیدیا لە بەرهەمێهانی واتای کۆمەڵایەتیدا لە لاپەرە 135 بۆ164) کتێبەکە، هیچ کام لەتوێژینەوەکانی دیکە پەیوەندیداری و نزیك نین لە توێژینەوەکەی ئێمە، هەروەها توێژینەوەی ناوبراویش تەنها لەوەدا سوودمەند دەبێت بۆ ئێمە کاتێك باس لە میدیاو سیستەمی سیاسی دەکات بەتایبەت لەهەرێمی کوردستان، بەڵام ئەویش باسی لەرۆڵ و کاریگەری میدیای نوێ نەکردووە بۆ سەر سلوکی سیاسی تاکەکان.

لێرەوە دەکرێت بوترێت: لە چەند توێژینەوەی پێشوودا ئاماژەمان بەچەند سەرچاوەیەکی گرنگ کردو دەکرێت لە توێژینەوەکانی دیکەش ئاماژە بە چەند دەروازەیەکی دیکەی میدیای نوێ (new media) بکەین کە ئەمرۆ بەشێوازی جیاواز کاریگەری خۆی داناوە.

هەندێ توێژینەوەش لەدەرەوەی هەرێمی و کوردستان لەسەر ئاستی عێراق ئەنجامدراون کە تیایدا دەیانەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە تاچەند میدیای نوێ کاریگەری داناوە بۆ جولاندنی شەقام و کۆکردنەوەی دەنگە جیاوازو تورەکانی شەقامی عێراقی، هەروەك غالب كاظم جياد الدعمي، لە توێژینەوەکەیدا بەناونیشانی: الإعلام الجديد وعلاقته في تشكيل الرأي العام أزاء الأزمات في العراق، (مجلة أهل البيت عليهم السلام العدد 24)، کە توێژینەوەیەکی وەسفی و شیکارییە و پەیوەندی نێوان میدیای نوێ و رای گشتی و شەقام شی دەکاتەوە و دواتر کاریگەری هەردووکیان لەسەر یەکدی تاوتوێ دەکات ولەگەڵ ئاماژەدان بەوەی سەندیکا پیشەییەکان رۆڵێکی سەرەکیان هەیە لەبەکارهێنانی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان و میدیای نوێ، کە دەرەنجام دەگاتە ئەو راستییەی، فەیس بووك بە نمرەی یەك و یوتوب بەنمرەی دووەم دێن لەبەکارهێناندا لەلایەن سەندیکا پیشییەکان بۆ کۆکردنەوەی رای گشتی، وهاوڵاتی بەتەواوی پشت دەبەستێت بە میدیای نوێ لەبارەی کەڵەکەبوون و هۆکاری سەرهەڵدانی کێشەو قەیرانەکان لە کۆمەڵگادا.بەڵام ئەم توێژینەوەیە سەرەرای باسکردنی رۆڵ و کاریگەری میدیای نوێ لەسەر تاك بەڵام بەتەواوی باس لە رۆڵ و کاریگەری ناکات لەسەر رەفتاری سیاسی تاکەکان.

هەروەرها د.يحيى عمر ريشاوي توێژینەوەیەکی لە (جامعة أمدرمان الإسلامية: كلية الإعلام: السودان) ئەنجامداوە ناونیشانی توێژینەوەکە بەعەرەبی ( الصحافة وصناعة

الوعي : دراسة تطبيقية على واقع الصحافة في اقليم كوردستان العراق) كە بەتوێژینەوەیەکی زانستی دادەنرێت لە ئاستی وڵاتانی عەرەبی، کە توێژینەوەیەکی مێژوویی وەسفی شیکارییە ولەبنەرەتدا بەعەرەبی نوسراوە و تیایدا توێژەر باس لە رۆڵ وکاریگەری رۆژنامە و کاری رۆژنامەوانی دەکات لەسەر هوشیاری سیاسی لەهەرێمی کوردستان، کە توێژەر تیایدا باس لە دامەزراندنی یەکەم رۆژنامەی کوردی دەکات لەلایەن "مقداد مەدحەت پاشا" کە بە بنەرەت و بناغەی کاری رۆژنامەوانی کوردی دادەنرێت، و باس لە پردی پەیوەندی نێوان کارو چالاکی رۆژنامەوانی و گۆرانکارییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات لەو رووەوە کە کاری رۆژنامەوانی چەند دەبێتە هۆی گۆڕان (تغییر) لە کۆمەڵگادا.بەڵام ناوبراو لەتوێژینەوەکەدا چەقبەندی لەسەر سلوکی سیاسی ناکات.

نوسینەکان زۆرن لەبارەی میدیای نوێ و میدیای تەقلیدی لەسەر ئاستی وڵاتانی عێراقی و دراوسێ ، دکتر یونس شکرخواە لە کتێبەکەیدا لەوڵاتی ئێران بەناوی (روزنامەنگاری سایبر) بەراوردێکی ورد دەکات لەنێوان رۆژنامەی دیجیتاڵی وەك بەشێك لە میدیای نوێ و لەلایەك و رۆژنامەی تەقلیدی لەلایەکی دیکە کە ئەو ناویان دەنێت (روزنامەی سایبر و سنتی) ئاماژە بەوە دەکات کەیەکەمیان ئەمرۆ بازاری زۆرترەو خێراترو ئاسانترە بەڵام هەڵگری کۆمەڵێ نوقسانی و کێشەیە سادەترین ئەوەیە کە فلتەرەکانی کەمبوونەتەوە بەمەش وایکردووە زۆربەی کات کارە رۆژنامەوانییەکان راقی نەبن و شتێکی سادەو ساویلکە بن، بەڵام بەپێچەوانەوە رۆژنامەی سونەتی کەئەمرۆ بازاری نەماوە بەڵام قورسایی خۆی هەبوو، ناوبراو لەگەڵ باسکردنی رۆڵ و کاریگەری رۆژنامەی دیجیتاڵی بەڵام باس لە کاریگەری و رۆڵی ناکات لەسەر رەفتاری سیاسی تاکەکان.

هەروەها لەوڵاتێکی وەك سعودییەش دیسان کۆمەڵێ توێژینەوە و بەدواداچوون هەن لەبارەی میدیای تەناتەن ناوەندی توێژینەوەی لێکۆڵینەوەی زانکۆی نایفی عەرەبی بۆ زانستە ئەمنییەکان کۆمەڵێ توێژینەوەی نوسیوە تایبەت بە میدیاو میدیای نوێ یەکێك لەو توێژینەوانە بەناونیشانی (العمل الإعلامي الأمني: المشكلات والحلول) کە سەرەرای ئەوەی باس لە رۆڵ و کاریگەری میدیا دەکات لەمرۆدا بەڵام زۆرتر باس لە دیوە ئەمنییەکەی دەکات کە چۆن میدیای نوێ کاریگەری گرنگی هەیە بۆ ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەڵام کەمتر کاریگەری لەسەر تاکەکان باس دەکات بەشێوەیەکی جوزئی، دەتوانین سەرنجەکانی دکتۆر مصطفى یوسف کافي لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی: الأعلام والتنمية بە نزیکترین کتێب بزانین لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی لە توێژینەوەکەی ئێمە بەتایبەت کاتێك لە پەرەکانی 50 بەولاوە بەتێروتەسەلی باس لە کاریگەری میدیا دەکات لەسەر سلوکی تاکەکان، و باس لە تیۆرەکانی کاریگەری میدیا دەکات و لەگەڵ وروژاندنی ئەو پرسیارەی کە ئایا میدیا کاریگەری هەیە لەسەر رەفتاری تاك و چەندو چۆن؟ بەڵام ئەم نوسینەش سەرەرای نزیکی لێمان بەڵام بەشێوەیەکی گشتی باس لە کاریگەری میدیای دەکات لەسەر رەفتاری مرۆڤ بەگشتی بەهیچ شێوەیەك ئەمیش باس لە رەفتاری سیاسی ناکات.

دەکرێت کتێبەکەی ادریس اوهلال بەناونیشانی (الانفجار الاعظيم عصر النهايات) لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی بەکۆتا سەرچاوە دابنرێت لەم بوارەدا کە کۆتایی ساڵی 2021 و نوسیویەتی و لە 2022 دەکەوێتە بازار، بەڵام هەرچەندە ناوبراو باس لە راگەیاندنی تەقلیدی و راگەیاندنی نوێ دەکات و چەقبەندی لەسەر کۆتایی میدیای تەقلیدی دەکات و باس لەهۆکارەکان و گرنگی میدیای نوێ دەکات لە ئەمرۆدا بەڵام سکرینێکی خێرایی بابەتەکەی کردووە و بەهیچ شێوەیەك پێی لەسەر ئەوە دانەناوە کە میدیای نوێ چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر سلوکی سیاسی تاکەکان، لانی کەم لەسەر رەفتار بەگشتی، چونکە ئەو باسی لە کۆتایی میدیای تەقلیدی و هاتنەئارای میدیای بەدیل کردووەو بەچەند خاڵێك باس لە گرنگی میدیای نوێ و تەکنەلۆژیا دەکات بەڵام باس لە کاریگەری و رۆڵی لەسەر رەفتاری مرۆڤەکان ناکات.

نوسینەکان زۆرن لە وڵاتانی عەرەبی لەبارەی تیۆرەکانی کاریگەری میدیا کە یەکێك دەبێ لە باسە گرنگەکانی تێزەکەی ئێمە، وەك نوسینەکەی الدکتور بشير العلاق بەناونیشانی (نظريات الاتصال ـ مدخل متكامل) لە عمان، یان کتێبەکەکەی بسام عبدالرحمن المشاقبة بەناونیشانی (نظريات الاعلام) ئەویش بەهەمان شێوە لە عمان، هەروەها کتێبە بەناوبانگەکەی دکتور محمد عبدالحميد لە وڵاتی میسر بەناونیشانی (نظريات الإعلام واتجاهات التأثير) یان کتێبی (مدخل في الاتصال الجماهيري ونظرياته) کە برهان شاوی نوسیویەتی لەوڵاتی ئوردن، هەروەها نوسینەکەی حسني محمد نصر (نظريات الإعلام) کە لەوڵاتی لوبنان نوسراوە و یەکێکە لە کتێبە پڕ بایەخەکان کە 375 پەرەیە. تێکرای ئەم سەرچاوانە باس لە رۆڵ و کاریگەری میدیا دەکەن بەپێی تیۆرەکان کە هەندێکیان تیۆرە کۆنەکانیش جیا دەکەنەوە لە تیۆرە تازەکان کە پەیوەندیان هەیە بە میدیای نوێ بەتایبەت تیۆرەکەی ماکلوهان (حەتمیەتی تەکنەلۆژیا) کە باس لە کۆتا پەرەسەندنی میدیا دەکات.

بەڵام دەتوانین ئەوە بڵێین سەرەرای ئەوەی باسیان لەکاریگەری میدیای کردووە بۆ سەر رەفتاری تاکەکان بەڵام هیچکام لەم سەرچاوانەش بەوردی باسی لەوەی نەکردووە کە میدیا بەگشتی و میدیای نوێ بەتایبەت چۆن و لە چ رووییەوە کاریگەری لەسەر رەفتاری سیاسی دادەنێت، دەتوانین بڵێین باسیان کردووە بەڵام بەشێوەیەك نییە کە بەوردی و تێروتەسەلی رۆچووبن تیایدا یاخود داتاو ژمارەی وردو زانستیان خستبێتەروو.

لەسەر ئاستی وڵاتانی بیانیش توێژینەوە لەمبارەوە بەزمانی ئینگلیزی ئەنجامدراون کە تیایدا باس لە رۆڵ وکاریگەری میدیای نوێ دەکەن لەسەر رەفتاری سیاسی تاك، هەروەکو، Rianna K. Lee Singلە زانکۆی "South Florida" لە توێژینەوەکەیدا بەناونیشانی (Social network web sites and intra-organizational relationships: Using Facebook to build employee relationships at Serena Software)خەجت لە کاریگەری و رۆڵی فەیس بووك دەکات وەك دیارترین سیمای میدیای نوێ کە بووەتە هۆی کەناڵێکی کاریگەرو گرنگ بۆ دروستکردنی پەیوەندی تاکەکان بەگشتی و لەنێوان کارمەندی کۆمپانیا جیهانییەکان بەتایبەتی کەلەرێگەی فەیس بووکەوە زۆرترین پەیوەندی و کاریگەری لەسەر یەك دادەنێن، بەڵام باس لەرۆڵی میدیا نوێ ناکات لەسەر سلوکی سیاسی کارمەندو تاکەکان.

هەروەها لەتوێژینەوەیەکی دیکە لەسەر ئاستی وڵاتانی بیانی بەناونیشانی (New Media: a critical introduction ـSecond Edition) کەلەلایەن (Martin Lister / Jon Dovey / Seth Giddings / Iain Grant / Kieran Kelly) نوسراوە لە ساڵی (2003) لە لەندەن، بەکورتی ئەوەیان خۆستۆتەروو کە میدیای نوێ بریتییە لە میدیای ژمارەیی، و بۆ ئەوەی ئێمە لە میدیای نوێ بەشێوەیەکی گشتی تێ بگەین دەبێ بزانین (digital) پرۆسەی دیجیتاڵی چییە،؟ چونکە بەمیدیای نوێ ئەمرۆ دەوترێت دیجیتاڵ میدیا یاخود میدیای رەقەمی، کە ئەمەش جیاکەرەوەی سەرەکی نێوان میدیای نوێ و میدیای تەقلیدییە، چونکە لە میدیای نوێ گرنگییەکی زۆر دەدرێت بە ژمارەو رەقەم و زانیاری و داتاکان، کەواتە لە توێژینەوە بیانییەکاندا سەرەرای باسکردن لەرۆڵ و کاریگەری میدیای نوێ و کاریگەری لەسەر رەفتاری سیاسی تاکەکان بەڵام هێشتا توێژینەوەیەکیان بەرچاو نەکەوتووە کە بەتەواوی هەمان

تویژینەوەی ئێمە بێت، هەرچەندە زۆرێك لە تویژینەوە بیانییەكان بەجۆرێك لەجۆرەكان نزیك دەبنەوە و لە هەندێ لە بابەتەكانی ئێمە.دەتوانین دەرەنجامی ئەو تویژینەوانەی كەوا لەپێشدا باسمان كردن بگەینە چەند راستییەكی زانستی كە دواتر بۆ نوسین و چوونە نێو تویژینەوەكەمان كاریگەریان دەبێت، بۆیە دەكرێت خاڵبەندی بكەین بۆ ئەو دەرەنجامەی كەوا پێی گەشتووین بەم شێوەیەی خوارەوە:

1ـ باسكردن لە میدیای و میدیای نوێ لە كایە ئەكادیمی و ناوەندی زانستی و زانكۆكاندا لە هەرێمی كوردستان بەتەواوی تازەیە و زۆربەی تویژینەوەكان سەرەتایەك باس دەكەن لەوبارەوە و بەتەواوی چەقبەندی ناكەن لەبارەی رۆڵ و كاریگەری میدیای نوێ لەسەر رەفتاری سیاسی تاكەكان لەهەرێمی كوردستان بۆیە دەكرێت ئەو رێگەیە بەخۆمان بدەین كە تاكە تویژینەوەیە لەهەرێمی كوردستان كەبەو ناونیشانە پێشكەش كرابێت و لەوبارەوە بەدوداچوونی وردو زانستی كردبێت.

2ـ لەسەر ئاستی عێراقیش كۆمەڵێ تویژینەوە ئەنجامدراون كە باس لە (الاعلام جدید) دەكەن هەرچەندە باسكردن لەمبارەتە بەبەراورد بە هەرێمی كوردستان لەپێشترە بەڵام هێشتا بەتەواوی بەشێوەیەكی زانستی باس لە كاریگەری میدیای نوێ نەكراوە لەسەر رەفتاری سیاسی تاكەكان وەك تویژینەوەیەكی سەربەخۆ و زانستی.

3ـ لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی تویژینەوەیەكی زۆر لەبارەی میدیای نوێ ئەنجام دراون ولەزانكۆی وڵاتە عەرەبییەكان پێشكەشكراون و ئەوانەی كە ئێمە بەرچامان كەوتبن زۆربەیان كاریگەری میدیا باس دەكەن لەسەر تاكەكان بەگشتی و لەسەر دەسەڵات بەتایبەت و لەگەڵ باسكردن لەرۆڵی میدیا لەبواری پەروەردە و هەروەها خاڵە باش و خراپەكانی.

4ـ تویژینەوە بیانییەكان بەتایبەت بەزمانی ئینگلیزی زۆربەیان بەوردی باسیان لە رۆڵ و كاریگەری میدیا و میدیای نوێ كردووە لەسەر رەفتاری تاكەكان ، چونكە باسكردن لە میدیای نوێ لە زانكۆكانی ئەمریكا و بەریتانیا پرس و بابەتی لەمێژینەن و لەزۆربەی گۆشە نیگاكانەوە باس لەرۆڵ و كاریگەری میدیای نوێ كراوە وەك لە تویژینەوەكانی پێشتردا ئاماژەمان پێكرد كە زۆرتر بە میدیای دیجیتاڵی ناو براوە و هەروەها بەكارهێنانی وشەكەش یەكەمین جار لەزمانی ئینگلیزیدا بووە.

## باسی یەكەم

## لایەنی تیۆری

### دەروازەی میدیاو میدیای نوێ و میدیای تەقلیدی

باسكردن لە میدیا بەگشتی و جیاكردنەوەی میدیای تەقلیدی و میدیای نوێ لەیەكدی، پێویستییەكی سەرەتایي تویژینەوەكەیە تاكو ئاستی كاریگەری میدیا بەپێی قۆناغ و فۆرمەكانی بزانین لەسەرە كۆمەڵگاو رەفتاری تاكەكان.

**1ـ میدیا (راگەیاندن):** دەكرێت لەچەند روانگەیەكەوە میدیا بەشێوەیەكی گشتی (وەكو دەروازەیەك) بناسرێت و دواتر باس لە خودی بابەتەكە بكرێت كە "میدیای نوێ"یە، و ناساندنی ئەو چەمكانەی نزیكن لێوەی. (تویژەر) لەرووی زمانەوانییەوە وشەی راگەیاندن (الإعلام) بەواتای ئاگاداربوونی كەسێك دێت لەشتێك واتە زانینی هەواڵ و زانیاری لەبارەی بابەتێكەوە، میدیا لە ئینگلیزیدا چەمكی (information) بەكار دێت بۆی كەلەبنەرەتدا لە چەمكی (informatio) لاتینی هاتووە و بەمانای هەواڵ و روونكردنەوە و زانیاری دێت(كافی، 2016 ص43 ).

لەگەڵ چەمكی (میدیا ـ راگەیاندن) دوو وشەی وەك (information ـcommuniction) دێتە ئارا كە یەكەمیان بریتییە لە هەواڵ و زانیارییەكان لەنێوان تاكەكاندا ئاڵوگۆڕ دەكرێت و دووەمیشان بەكاردێت بۆ پرۆسەی ئاڵوگۆڕكردنەكە كە لە (communis) لاتینی هاتووە، بەواتای (بەشدار، یان بەشداریكردن) دێت،( ئەبوزەید، 2021 لا25 )یاخود میدیا كە هاوتایە لەگەڵ (الاعلام) لە زمانی عەرەبی، بەپێی سەرچاوە عەرەبییەكان لەبنەرەتدا لە (اعلم) وەرگیراوە و هەڵێنجێنراوە، كە بەواتای هەواڵ و ئاگادار بوون لە شتێك دێت. (الزبیدي، 2013، ص25 )هەروەها بەپێی سەرچاوە كوردییەكان (راگەیاندن) لەزمانی كوردی لەبنەرەتەوە لە دوو پێشگری (را) لەگەڵ چاوگی (گەیاندن) پێكهاتووە كە مەبەست پێی (پێراگەیاندن)ی بەرامبەر وەرگرە بەكۆمەڵێك هەواڵ و زانست و زانیاری كە وەرگر پێیان نامۆیە.( ئەبوبەكر،2002 لا16 ) كەواتە راگەیاندن بریتییە لە ئاگاداكردنەوەی وەرگر بەو كۆمەڵە بیروراو زانیاری و هەواڵانەی كە لەلایەن بەرامبەرەوە ئاراستەی دەكرێن و وەرگر وابەستەی ئەو دۆخە دەكرێت كە نێرەر تیایدا دەستەواژەو رستەكان دەردەبرێت.( شوانی، 2014، لا 17 ) هەروەها نابێ ئەوەش لەیاد بكەین كە وشەی راگەیاندن بچوكترە لە وشەی پەیوەندی (وەك دێرەكانی پێشتر باسمان لە كۆمینیكەیشن كرد ـ تویژەر) كە دووەمیان بەواتایەكی فراوانترو گشتگیرتر بەكار دێت، واتە راگەیاندن بەشێكە لە پەیوەندی، كە دەتوانین بڵێین راگەیاندن بریتییە لە كۆمەڵێك هەواڵ و زانیاری كە بە پرۆسەیەكی دیاریكراو لەنێوان دوو كەس یاخود زیاتر روو دەدات(خیرواللە، م.س، ص17 )فەرهەنگی ئۆكسفۆرد (oxford)مانای وشەی (communiction)پەیوەندیكردنی دیاریكردووە بەوەی پرۆسەی بڵاوكردنەوە یان پەخشكردنی ئەو زانیاریانەی كە لەبەردەستدان، واتە پەیوەندیكردن چوارچێوەیەكی گشتی و فراوانتر لەخۆی دەگرێت(بەدەوی، 2014 ـ لا14). كەواتە لەرووی زمانەوە وشەی (میدیا) لەبەرامبەر وشەی (media) ئینگلیزی و وشەی (الاعلام)ی عەرەبی و (راگەیاندن)ی كوردی بەكار دێت كە تێكەڵاوییەكیش لەنێوان هەردوو چەمكی راگەیاندن و میدیا دروست دەبێت بەشێوەیەك پێویست بەتویژینەوەیەكی دیكە هەیە بۆ مشتومڕكردن لەسەر ئەم بابەتە. (تویژەر)

لێرەوە ناسانی وشەی میدیاو راگەیاندن لەرووی ناوەرۆكەوە بەشێوەیەكی گشتی: بریتیە لە: راگەیاندن یاخود میدیا: پەیامێكی هزرییەو چەند ناوەرۆك و ئامانجێكی دیاریكراو لەخۆی دەگرێت، لەرێگەی سێ رەگەزی سەرەكیشەوە پرۆسەی راگەیاندن تەواو دەبێت ئەوانیش، ـ نێرەر: ئەو كەسەیە كە پەیامی راگەیاندن و میدیای لەرێگەوە ئامادە دەكرێت. ـ هۆكاری گواستنەوە: ئەو كەناڵانەی ناوەرۆك و كەرەسەی راگەیاندنەكە دەگوازنەوە. باوشگرەوە: ئەو لایەن و بەرەیەی كە پەیامی راگەیاندنەكە وەردەگرن.( ئەلرەزا، عەمار، سەلام، ساڵ نییە، لا 101 ) رەگەزی یەكەم و سێیەم بۆ میدیای نوێش دروستە و گۆرانكارییەكی ئەوتۆ روو نادات بەڵام رەگەزی دووەم لەبارەی كەناڵەكانی گەیاندنەوە لەمیدیای تەقلیدی و میدیای نوێ جیاوازە.

كەواتە لەرووی ناوەرۆكەوە دەتوانرێت زۆرتر لەسەر ئەم بابەتە پێداگری بكرێت چونكە تەنها بەوە مەبەستە سەرەكیەكە روون نابێتەوە كە رەگەزە سەرەكییەكانی میدیا چیین. بۆیە: راگەیاندن پرۆسەیەكی كۆمۆنیكەیشنە لەنێوان نێرەرەو وەرگردا روو دەدات .... هەروەكو "شانوون ویڤەر" لە ساڵی 1949 بەمجۆرە پێناسەی كردووە " بریتییە لەو رێگایەی كە كەسێك كاریگەری درووست دەكات لەسەر مێشكی كەسێكیتر". یان ئەو پرۆسەیەی كە نێرەر پەیامێك دەنێرێت بۆ وەرگر لەرێگای رووبەرروونەوەی لەنێوان دوو كەسدا.( سەعید، 2019، لا10 ) كەواتە ئەو پرۆسەی

پەیوەندی کۆمۆنیکەیشنە کە لەنێوان دوو کەسدا کاتێك روو دەدات نێرەر پەیامێك دەنێرێت بۆ وەرگر دەتوانین ناوی بنێین راگەیاندن، کە تیایدا ئەوەی گرنگە بابەتی کاریگەری دانانە لەسەر بەرامبەر لەرێگەی پرۆسەی ئاماژەبۆکراوەوە، دەتوانین زۆرتر لەمە برۆین..واتە پرۆسەی پەیوەندی کۆمۆنیکەیشن کاتێك لەنێوان دوو کەسدا کاتێك روو دەدات کە تیایدا نێرەر پەیامێك دەنێرێت بۆ وەرگر دەتوانین ناوی بنێین راگەیاندن، کە تیایدا ئەوەی گرنگە بابەتی کاریگەری دانانە لەسەر بەرامبەر لەرێگەی پرۆسەی ئاماژەبۆکراوەوە،(کە ئەمە کرۆکی بابەت و تێزەکەی ئێمە دەبێت ـ توێژەر) بەڵام وەك لەپێشدا ئاماژەمان پێکرد کە راگەیاندن بەشێکە لەنێو پرۆسەی کۆمنیکەیشن و پەیوەندیدا.

بۆیە دوای ناسانی میدیا بەشێوەیەکی خێرا (چونکە بابەتەکەی ئێمە (دیوە سیاسی و کاریگەرییەکەتی) نەك میدیا بەتەنها) لێرەوە پرسیارێکی سەرەکی توێژینەوەکە دەمانباتە سەر خودی بابەتەکە ئەویش ئەوەیە کە ئایا میدیای نوێ چییە.؟ کە بە شۆڕشی زانیارییەکان لەقەڵەم دەدرێت، چونکە ئەم شۆڕشە یەکێکە لە گرنگترین قۆناغەکانی گەشەکردن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە کۆمەڵێك گۆرانکاری و پێشکەوتنی بەدوای خۆیدا هێناوە، بەتایبەت لەبوارەکانی (میدیایی و پیشەسازی و شێوازەکانی وەرگرتنی زانیاری)، هەربۆیە لەم نێوەندەشدا میدیای لەتکرد بۆ دوو قۆناغی مێژوو، بەمشێوەیە: ـ میدیای کلاسیکی: وەك رادیۆو تەلەفزیۆن و رۆژنامەکان لەلایەك و ـ میدیای نوێ : وەك ماڵپەرە ئەلکترۆنییەکان (دیجیتاڵ میدیا، رۆژنامەگەری هاوڵاتی (مۆجۆ) مۆبایل جۆرنالیزم) لەلایەکی دیکە.( تاڵەبانی، رێشاوی، 2020 لا19 ) کەئەمەش دەرخەری ئەو راستییەیە شۆڕشی زانیارییەکان میدیای بردە قۆناغێکی نوێ و لە میدیاییەکی کلاسیك و کەم کاریگەر گۆرا بۆ میدیاییەکی کاریگەر و نوێ، بەڵام هێشتا نەگەشتووین بە پێناسە دروستەی کە میدیای نوێ وەك ناوەرۆك چییە؟بۆیە بۆ ئەوەی ئێمە لە میدیای نوێ بەشێوەیەکی گشتی ترو باشتر تێ بگەین دەبێ بزانین (digital) پرۆسەی دیجیتاڵی چییە،؟ چونکە بەمیدیای نوێ ئەمرۆ دەوترێت دیجیتاڵ میدیا یاخود میدیای رەقەمی، کە ئەمەش جیاکەرەوەی سەرەکی نێوان میدیای نوێ و میدیای تەقلیدییە، چونکە لە میدیای نوێ گرنگییەکی زۆر دەدرێت بە ژمارەو و رەقەم و زانیاری و داتاکان.(Martin Lister.. 2003.. P16 )

**2ـ میدیای نوێ و میدیای تەقلیدی**

بۆ دۆزینەوەی هێڵی سەرەکی جیاوازی نێوان (میدیای نوێ و کۆن) پێویستمان بەهەردوو بابەتی **(effect)** و **(Two_way Communications)** دەبێت، کەلەم بەشەدا تیشك دەخرێتە سەر (کاریگەری ـ effect) کە لەمیدیای کۆن و نوێدا جیاوازە، چونکە وەك دیارە ئەمرۆ لەسایەی سۆشیاڵ میدیا، **میدیای نوێ** کاریگەری زۆرتری داناوە لەسەر رەفتاری تاکەکان وەك لەخوارەوە ئارگۆمێنتی ئەمە دەکەین ـ توێژەر ... میدیا بەواتا تەقلیدییەکەی واتا کۆنترۆڵکردنی لەلایەن چینی دەسەڵاتدارو بەکارهێنانی بۆ مەرامە سیاسییەکان، کە ئەمەش لەسەرەتای ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بەدی دەکرا بەتایبەت لەلایەن دەسەڵاتە شمولییەکانی ناوچەکەوە بەتایبەت کاتێك کودەتا دەکرا ئیدی لەلایەن کودەتاچی و دەسەڵاتدارەکانەوە دەست دەگیرا بەسەر رادیۆ و ئێزگەکاندا و لێرەوە میدیا دەبوو بەمیدیای دەسەڵات و دەکەوت دەست حکومەت، بەڵام میدیا بەواتای نوێ بریتییە لەو میدیاییەی کە میدیای دووسەرە ناسراوە واتا چەندە لەدەستی دەسەڵاتە هێندەش لەدەستی میلەتدایە بۆیە کۆنترۆڵکردنی ئاسان نییە وەك لەبەهاری عەرەبی ساڵی 2011 ئەمە بە روونی بەرچاوت کەوت کاتێك کۆنترۆڵکردنی سۆشیاڵ میدیا لەدەست دەرچووبوو و دەسەڵات نەیدەتوانی بەهیچ شێوەیەك کۆنترۆڵی بکات. (صالح، 2021، لا90)کەواتە جیاوازییەکی بنەرەتی لەنێوان میدیای نوێ و میدیا بەشێوازە تەقلیدییەکەی هەیە چونکە ئەمرۆ میدیا بریتییە لەوەی چەندە لەدەستی دەسەڵاتە هێندەش لەدەستی هاوڵاتییە کە لەرێگەی پۆست و لایك و کۆمێنتەکانەوە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر بەرامبەرو خودی دەسەڵات دادەنێت، واتە تاك بە ئازادنە میدیا بەکار دەهێنێت.لەسایەی میدیای نوێ و ژمارەیی هاوڵاتی بەبێ سنور دەتوانێ ئامرازەکانی راگەیاندن بەکار بهێنێت و دەرەنجام کاریگەرییەکی ئەرێنی یاخود نەرێنی لەسەر رەفتاری تاکەکە دادەنرێت بەهۆی خێرایی و زۆر بەکارهێنانەوە.( نوشي، 2018ـ ص55)

یانی میدیای تەقلیدی کۆنترۆڵکردنی ئاسان بوو، زۆربەی شۆڕش و کودەتاکان کە لەعێراقدا ئەنجامدراون یەکەم شت دەستگیراوە بەسەر ئێزگەو تەلەفزیۆن و بەشی راگەیاندندا تاکو لەوێوە سەرکەوتنی کودەتاکە رابگەیەندرێت، بەڵام ئەمە بۆ رۆژگاری ئەمرۆ ئێجگار زەحمەتە چونکە ئەمرۆ میدیای نوێ لەنێو تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا تەقیوەتەوەو ملیۆنان هاوڵاتی بەشێوەی جیا جیاو لەچەندان شوێن بەکاری دەهێنن و کۆنترۆڵکردنی ئاسان نیە، ئەمەش رادەی ((کاریگەری ـ effect ))میدیای نوێ زۆرتر دەبێت بەراورد بەمیدیای کۆن.

**ماکویل،** کەیەکێکە لە پێشەنگانی بیرورا لەسەر میدیای نوێ، جیاوازی بنەرەتی دەکات لەنێوان میدیای تەقلیدی و میدیای نوێ کە لەچەند خاڵێکی کورتدا باسیان دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە: (مقاوسي، 2020 ص153)

ـ لەرووی کۆنترۆڵکردنەوە:

لەبەر خێرایی و فراوانی ئاسان نییە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە کۆنترۆڵی میدیای نوێ بکرێت (ئەنتەرنێت و سۆشیاڵ میدیا...هتد) بەڵام بەئاسانی دەتوانێ دەست بگرێت بەسەر کەناڵەکانی میدیای تەقلیدی وەکو رادیۆو تەلەفزیۆن و رۆژنامەی کاغەز...هتد.

ـ لەرووی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و شوناس:

میدیای نوێ زۆرترین پەیوەندی لەنێوان چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا درووست دەکات تەنانەت لەنێوان کۆمەڵگاو نەتەوەو شوناسە جیاوازەکاندا، بەڵام میدیای تەقلیدی کار لەسەر پاراستنی یەك شوناس دەکات لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی دیاریکراودا.

ـ لەرووی شوێن و کات و کاریگەری: میدیای نوێ شوێنێکی دیاریکراو لەخۆ ناگرێت و جیهانییە و کاتی بۆ نییە و خێرایە و کاریگەریشی لەچاو میدیای تەقلیدی زۆرترو بەهێزترە..ئەوەی میدیای تەقلیدی لەمیدیای کۆن جیا دەکاتەوەی هەندێ هۆکارو بابەتی تایبەتن، بەڵام ئەوەی لەهەموویان گرنگترە بریتییە لە ئاستی کاریگەری میدیا لەسەر رەفتاری تاکەکان بەتایبەت رەفتاری سیاسی، کە ئەمەش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆرێت بەپێی سیاسەتی دەوڵەتەکە، چونکە لە سیستەمە لیبراڵییەکان بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی و راگەیاندن زۆر جیاوازترە لە سیستەمە تۆتالیتارو دیکتاتۆرەکان، کە ئەمەش پەیوەندی بە ئازادی بەکارهێنانی کەناڵەکانی راگەیاندن و رادەی دەستگەشتنی هاوڵاتیانە بە زانیارییەکان، هەربۆیە میدیای تەقلیدی سەرەرای ئەوەی کاریگەریشی زۆرترە لەسەر تاك لەبەرامبەر میدیای تەقلیدی بەڵام دیسان ئەویش گۆرانکاری سەردا دێت و کەم و زیاد دەکات بەپێی شوێن و سیاسەتی تایبەت بەوڵاتان.( جاسم، ص 70 ـ 73 )

**دەتوانین جیاوازی بکەین لەنێوان میدیای تەقلیدی و میدیای نوێ بەم شێوەیەی خوارەوە: (الغامدي،ص12)**

**خشتەی ژمارە (6)**

**جیاوازی نێوان میدیای کۆن و نوێ**

| ز | میدیای نوێ | میدیای تەقلیدی |
|---|---|---|
| 1 | ـ سروشتی دینامیکی هەیە و کەدەتوانێ پەیوەندی و جوڵەیەکی خێرا درووست کات لەنێوان دەنگ و وێنەو فیدۆ. | ئەمەش لە میدیای تەقلیدی کارێکی ئەستەم بووە. |
| 2 | ـ کەسی وەرگر بوارێکی فراوانی لەبەردەمدا دەبێت بۆ ئەوەی راو سەرنج و کۆمێنتی خۆی بدات لەسەر بابەتەکان. | لە میدیای تەقلیدی بوونی نییە و وەرگر ناتوانێ کۆمێنت بدات. |
| 3 | لەیەکتدا وەرگر دەتوانێ نێرەریش بدات واتە هەم پەیام بڵاو بکاتەوە هەم پەیام و هەواڵ وەربگرێت. | وەرگر ناتوانێ پەیام و هەواڵ بڵاو بکاتەوە. |
| 4 | میدیای نوێ دەتوانێ کەناڵـەکانی میدیای تەقلیدی بۆخۆی بەکار بهێنێت. | لە میدیای تەقلیدی کارێکی لەمشێوەیە قورسە |
| 5 | ئاسانە لە بەکارهێنان و مامەڵەپێکردنەوەیەوە | بەپێچەوانەوە قورسەو دەستگرە. |

دەرەنجامی جیاوازی لەنێوان میدیای نوێ و میدیای تەقلدیدا کۆمەڵێك خاڵی ئیجابی و سلبی لەهەریەکێکیاندا دروست دەبێت، هەروەکو سەرچاوە فارسییەکان زۆتر باس لەمە دەکەن کە: رۆژنامەی سایبر بەراورد بە رۆژنامەی سونەتی یاخود تەقلیدی هەڵگری کۆمەڵێك تایبەتمەندی و جیاوازییە کە گرنگترینان بریتییە لەوەی رۆژنامەی سایبر و دیجیتاڵی زۆرخێراترو کاریگەرترو ئاسانترە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە کاریگەرییە خراپەکانیش خێرا دادەنێت ئەمە جگە لەوەی نەبوونی فلتەر لەرۆژنامەو میدیای نوێ بەراورد بە میدیای سونەتی و تەقلیدی گەورەترین کێشەیە، چونکە زۆربەی کات لەبەر خێرایی بەبێ فلتەر زۆربەی هەواڵ و بابەتەکان بڵاو دەبنەوە و دواتر کاریگەری نێگەتیڤ جێدەهێڵن. (شکرخواه، 1388، ص ) ئەوەی کە زۆر جێگەی باس و خواسە و میدیای نوێ بەتەواوی جیا دەدەکاتەوە لەمیدیای تەقلیدی بریتیە لەوەی کە لەمیدیای تەقلیدی شتێك نییە بەناوی نوسینی راو سەرنج و کۆمێنت لەبەرامبەر رووداو هەواڵ و زانیارییەکان بۆیە ناتوانین بە میدیای خەڵکی پێناسە بکەین، هەربۆیە زۆربەی سەرچاوەکان لەباسکردنی جیاوازی نێوان میدیای نوێ و تەقلیدی جەخت لەمە دەکەنەوە و دەڵێن: دەتوانین بەیەك رستە خاڵی جیاوازی نێوان میدیای کلاسیك و نوێ کۆتایی پێ بهێنین کەسەرەرای بوونی شێوازێکی نوێ لە کاری میدیای لەسایەی شۆرشی تەکنەلۆژیادا، میدیای نوێ جیا دەکرێتەوە لە میدیای تەقلیدی بەوەی کە دەتوانێ بەواتای کەلیمە میدیای خەڵك و جەماوە بێت و هاوڵاتی ــ تاك بەشێوازێکی خێراو بەردەوام گوزارشت لەبوون و ئازادی خۆی بکات. (المشاقبة، 2011 ، ص21 ) کە دەکرێت لەمە دواتر یەکێك بێ لەباسە گرنگەکانمان کە چۆن میدیای نوێ بووە بە میدیای بەشداری هاوڵاتی هەم لەرووی پرسە کۆمەڵایەتییەکان هەم پرسە سیاسییەکان.

## باسی دووەم

## رەفتارو رەفتاری سیاسی رەنگدانەوەی میدیای نوێ

### 1ـ رەفتارو رەفتاری سیاسی

ئەم دوو بابەتە، دەستکەلای سەرەکی باسی دووەمی توێژینەوەکەن کەلەراستیدا ئامانج و بابەتی سەرەکی توێژینەوەکەش پێك دەهێنن، چونکە لەدوای ناساندنی میدیا و میدیای نوێ، پێویست دەکات ئیدی چەقبەندی لەسەر خودی بابەتەکە بکەین کە ئەویش بریتییە لە کاریگەری میدیای نوێ لەسەر رەفتاری سیاسی، بەڵام پێش ئەمە ئەکادیمیترە کە سەرەتا رەفتارو رەفتاری سیاسی بەشێوەیەکی خێرا بناسێنین.

### أـ رەفتار (السلوك)

زانایان و رۆشنبیرانی زانستی رامیاری و کۆمەڵناسی لەمبارەوە پێناسەو ئارگۆمێنتیان جیایە، و ئەگەر لەگەڵ دەرکەوتنی میدیا رەفتاری مرۆڤیش گۆرابێت، ئەی بەدەرکەوتنی میدیای نوێ ئەم کاریگەرییە چەند قات بۆتەوە..؟ واتە راگەیاندن لەکوێ و چۆن کاریگەری خۆی لەسەر رەفتاری مرۆڤەکان بەشێوەیەکی گشتی و رەفتاری سیاسیان بەتایبەتی داناوە.!؟ئەمە ئەو بابەتەیە کەپەیوەندی بە سۆسیۆلۆژیای راگەیاندنەوە هەیە..(توێژەر)

صادق الاسود لە کتێبەکەیدا بەوردی باس لە رەفتاری مرۆڤ و (سلوك الانسان) دەکات و دواتر جیای دەکات لە (الموقف و الميول) کە زۆر نزیکە لە سلوك و رەفتاری مرۆڤ، ئەو دان بەوەدا دەنێت کەئاسان نیە مرۆڤەکان بخەیتە ژێر تاقیگە و چاودێری تاکو سلوکیان دیاری بکەیت بەڵام دەتوانین بڵێین کە رەفتاری مرۆڤ دەرەنجامی کردارو زانیاری و هەڵسوکەوتەکانی رابردوویەتی دروست دەبێت و بەمەش لە (مەوقف ـ هەڵسوکەت) جیا دەکرێتەوە کە بریاردان و مەوقف وەرگرتنە بۆ شتێك لەداهاتوو وەکو "دەنگدان" هەروەها جیا دەکاتەوە لە میول کە بریتییە لەلایەنی سۆزداری و پاڵپشتی مرۆڤەکان بۆ شتێك. (الاسود، 1990) ص537 ـ 538ـ 539 ) دەکرێت رەفتاری مرۆڤەکان فەردی بێت، واتە هەڵقوڵاوی ناخی کەسەکە خۆی بکات و کاریگەر نەبێت بەهیچ هۆکارێکی کۆمەڵایەتی و دەستەجەمی، یاخود دەکرێت رەفتاری مرۆڤە جەماعی بێت و بەپێچەوانەی یەکەمەوە تاك کاریگەر بێت بەکۆمەڵێك هۆکاری کۆمەڵایەتی و دەرەکی وەکو مزگەوت و خێزان و خوێندنگا، و ئامانج لێی پاراستی کیانی مرۆڤ بێت وەك ئەندامێك لە کۆمەڵگاکەی.( العطية، 1992 ص93-95 )ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە سلوکی مرۆڤەکان، گۆڕانکاری بەسەردا دێت و رۆحیەتی دینامیکی هەیە کەئەمەش دوو هۆکار دەبێتە هۆی ئەم گۆڕانە یەکێکیان پەیوەندی هەیە بە گۆرانی تەمەنی مرۆڤەکانەوە کە بەپێی تەمەن مرۆڤ حەزو ئارەزووەکانیشی دەگۆرێت و دواتر رەفتاری دەگۆرێت هەروەها هۆکاری دووەم پەیوەندی بە نەفس و ناخی مرۆڤەکان کە هەیە کە لەبەر رووبەرووبوونەوەی هەندێ هۆکاری دەرەکی گۆرانکاری بەسەر رەفتاریاندا دێت. (عبدالهادي، 2005ـ ص71)یاخود دەکرێت رەفتاری مرۆڤەکان( human behavior) بریتییە لەهەرچالاکییەك کە رۆژانە مرۆڤەکان ئەنجامی دەدەن، بەپێی پێداویستییە هەنووکەییەکانی، ئەو چالاکیانە مرۆڤ ناچار دەکات کە جەستەو فکری بجوڵێنێت تاکو بتوانێ پێداویستییەکانی پڕ بکاتەوە، کەواتە رەفتار بریتییە لە وەڵامدانەوەی چالاکییە جەستەییەکانی مرۆڤ بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی و حەزو ئارەزووەکانی.( الشفيع، 2017) ص32 )

**رەفتاری** مرۆڤ بریتییە لە هەموو جوڵەیەکی کەلەنێوان مرۆڤ و ژینگەکەی خۆیدا روو دەدات بەمەبەستی ئەنجامدانی چالاکی، کەئەمەش بەپێی کات و شوێن زۆربەی جار گۆڕانکاری بەسەردا دێت.( محمد الأسطل، 2012 ) ڕەفتار لە دەروونناسیدا بەوشێوەیەیە کە دەروونناسەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە گرنگی بە ڕەفتار دەدەن، کە دواتر بووە هۆی سەرهەڵدانی مۆدێلێکی ناسراو بەناوی "ڕەفتارگەرایی"، هەروەها ڕەفتارگەرایی کە دامەزرێنەرەکەی زانا "جۆن واتسۆن"ە پێیان وایە کە لەوانەیە ڕەفتارەکە باو، یان نائاسایی بێت، قبوڵکراو یان قبوڵ نەکراو بێت کە

لەمرۆڤەكانەوە سەرچاوە دەگرێت.( ــ Darwin's Disciples . July 17, 2012 )
هەروەها زانایانی دەروونناسی ڕەفتاری مرۆڤەكان بە شێوەیەكی گشتگیرو سەرەكی وەک چالاكیەكی ئاڵۆز دەبینن كە دواجار پێكهاتەكانی ڕەفتاریش بۆ سێ لایەنی بنەڕەتی دەگەڕێننەوە ئەوانیش(العاجب، 2021):

لایەنی مەعریفی: بریتییە لە لایەنی دەروونی و مەعریفی مرۆڤ كە بەكاری دەهێنێت بۆ هەستكردن بەو ڕووداوانەی كە بە دەوری خۆیدا دەسوڕێنەوە و روو دەدەن، و میكانیزمی كارلێک لەگەڵیاندا، بەو شێوەیەی كە كەسەكە بەپێی رادەی مەعریفی و زانینی كارلێك دەكات لەگەڵ چواردەوریدا ، بۆ نموونە، هەستكردن، بیرهێنانەوە، بینین، دەربڕینی هێمادار، زمانەوانی،..هتد لەسەر بنەمای مەعریفی دەبن.

لایەنی جووڵەیی: هەموو ئەو وەڵامە جەستەییانەن كە لەسەر تاک دەردەكەون؛ چونكە رووبەرووی پاڵنەرێكی دیاریكراو دەبێتەوە و ئەم وەڵامانەش لەچوارچێوەی جەستەدا لە شێوەی زارەكییەكان و نووسین و وەرزش و ژەنینی مۆسیقا و سواربوونی ئۆتۆمبێل و چەندین شتی تر لەخۆ دەگرێت.لایەنی سۆزداری یان وەڵامدانەوە: ئەو حاڵەتە سۆزدارییەیە كە تاک لە كاتی وەڵامدانەوەی ڕەفتارەكانیدا بۆ هاندەرێكی ناوخۆیی و دەرەكی جۆراوجۆر ئەزموونی دەكات؛ واتە ئەو حاڵەتە ناوەكییە كە لەگەڵ ڕەفتارێكی دیاریكراودا دەبێت، وەک هەستكردن بە وروژاندن و دڵخۆشبوون بە چالاكیەكی دیاریكراو، یان هەستكردن بە ئاسوودەیی یان نارەحەتی بۆ شتێك یان چالاكیەكی دیكە، كەوا مرۆڤەكە زۆرجار بەبێ ویستی خۆی ڕەفتارێك دەنوێنێ كە دواجار لەجەستەیدا دەردەكەوێت. دەروونناسەكان، بە تایبەتی جیناتناسانی ڕەفتار، ستراتیژی ئاڵۆز بەكاردەهێنن بۆ لێكۆڵینەوە لەوەی كە تا چەند جینات كاریگەری لەسەر جیاوازییەكانی ڕەفتار هەیە. سەرەڕای ئەمەش هەندێک پێیان وایە مرۆڤ لە بۆماوەیی دەكرێت زۆرێك لە ڕەفتارەكانی بۆ بمێنێتەوە. دەكرێت لەسەر ئەم بابەتە زۆر قسەبكرێت تایبەت بە ڕەفتار.

## ب ـ ڕەفتاری سیاسی

صادق الاسود لە كتێبەكەیدا سلوكی سیاسی بەو شێوەیە دەناسێنێت مرۆڤ بە سروشت كۆمەڵایەتییە بەڵام كاتێك دەبێت بە كیانێكی سیاسی كەلەگەڵ مرۆڤەكانی دیكەدا پەیوەندییەك دروست دەكات كە دەكرێت پەیوەندییەكی سیاسی پێكەوەیی بێت یاخود ململانێ بێت، و پەیوەندییەكە كۆمەڵێ بابەتی سیاسی لەخۆی دەگرێت و كە دەكرێت ئەوەی لەو پەیوەندییە دەكەوێتەوە بە ڕەفتاری سیاسی پێناسە بكرێت.( الاسود، 1990، ص73 ) دەكرێت بوترێت كە سلوكی سیاسی بریتییە لەهەرچالاكییەكی مرۆڤ لەگەڵ بەرامبەرەكانی كە چالاكییەكە روخسارێكی سیاسی هەبێت، و ئەوكاتە دەتوانین بڵێین ئەو كەسە ڕەفتارێكی سیاسی نواندووە، و سلوكی سیاسیش بەشێكە لە چالاكی و سلوكی كۆمەڵایەتی بەواتا گشتییەكە.( حمه علي، 2021، ص29.30 ) كەواتە هەرچالاكییەكی مرۆڤەكان لەكۆمەڵگادا كە تابعێكی سیاسی هەبێت پێی دەوترێت ڕەفتاری سیاسی، بەڵام هێشتا بەتەواوی واتای ڕەفتاری سیاسی یەكلای نەبۆتەوە بۆمان هەتاكو وردتر پێناسەی نەكەین و جیا نەكرێتەوە لەهاوشێوەكانی و جۆرەكانیشی دیاری نەكەین، بۆیە دەكرێت ڕەفتاری سیاسی بۆ دوو جۆری سەرەكی دابەش بكەین بەمشێوەیەی خوارەوە :(هەمان سەرچاوە)

یەكەم: ڕەفتاری سیاسی تاكە كەسی: برتییە لە نواندنی هەرچالاكییەكی سیاسی كە تاك بەتەنها پێی هەڵدەستێ وەك كاندید بوون بەتەنها یاخود بەشداری لە پرۆسەی سیاسی یاخود دەنگدان بە حزب و كەسایەتیەكی سیاسی دیاریكراو.

دووەم: ڕەفتاری سیاسی كۆمەڵ: بەپێچەوانەی یەكەمەوە هەرچالاكییەكی سیاسییە كە تاك لەگەڵ ئەوانی دیكە و بەكۆمەڵ ئەنجامی ئەدات وەكو ئەندامبوون لە سەندیكا سیاسییەكان یان گرووپەكانی فشارو حزبەكان، كە بەئەنجامدانی ئەم چالاكییە سیاسیە، تاك ڕەفتارێكی سیاسی ئەنجام داوە. بەڵام لەچێوارچێوەی كۆمەڵێك كەسی دیكەدا.یاخود دەكرێت دابەشكارییەكی دیكەمان هەبێت بۆ جۆرەكانی ڕەفتاری سیاسی، وەكو 1ـ سلوكی هەڵبژاردن كە ئەمە پەیوەندی هەیە بە ڕەفتاری تاكەكانەوە كاتێك لەپرۆسەی دەنگدان بەشداری دەكات و دەنگ دەدات بە حزبێ یاخود كاندیدێك یاخود باڵاتر لەمە كاتێك دەوڵەتێك لە رێكخراوە نێودەوڵەتیەكاندا دەنگدا دەدات، 2ـ سلوكی تەشریعی، كاتێك یاسادانەران هەڵدەستن بە دانان و چۆنیەتی و شێوازی یاساكان و بوونی رای جیاوازیش لەنێوان یاسا دانەراندا بە ڕەفتاری سیاسی لەقەڵەم دەدرێت، هەروەها ڕەفتاری دادوەری و حزبی و رێكخراوەیی و نێودەوڵەتی، زۆر شێوازی دیكەش دەچنە چوارچێوەی ڕەفتاری سیاسی كاتێك هەڵگرەكەیان بیەوێت كارێك یاخود چالاكییەكی سیاسی ئەنجام بدات. (دایش، 2018)

## ج ـ ئامرازەكانی بەشداری سیاسی وەك پێوەری ڕەفتاری سیاسی

لەرێگەی ئامرازەكانی بەشداریكردنی تاكەكانی كۆمەڵگا لە ژیان و پرۆسەی سیاسی و لەنێو كۆمەڵگادا بەشێوەیەكی گشتی، تیشك دەخرێتە سەر ئەو پێوەرانەی كەوا ڕەفتاری سیاسی تاك دیاری دەكەن، چونكە لەرێگەی ئەم كردارە سیاسیانەوە ڕەفتاری سیاسی تاكەكان بەروونی دەردەكەوێت، كە بەهەموویانەوە دەتوانین لە بەشداری سیاسیدا كورت بكرێنەوە ، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1 ـ بەشداریكردن لەپرۆسەی دەنگدان (هەڵبژاردن و راپرسی)

بێگومان لەباسكردنی پرۆسەی دەنگدان وەك كایەی سەرەكی بەشداری سیاسی، دەكرێت ئاماژە بە دەنگدانی هاوڵاتی وەك تاكی سیاسی لە هەڵبژاردن و لە راپرسی بكرێت، بەتایبەت باس لەو جیاوازییە روونەش كە میدیای تەقلیدی و نوێ لەم نێوەندەدا درووستی دەكات.

**ـ هەڵبژاردن:** وەك یەكەم هەنگاوی پرۆسەی دیموكراتی و گوزارشت كردن لە بیرورای ئازاد، ئەمرۆ نەتەوەیەكگرتووەكان و یەكێتی ئەوروپا لەچوارچێوەی چەندین پرۆژەو كاری هاوبەشدا هەوڵیاندا گەشەی زیاتر بەهەڵبژاردن بدەن بەتایبەت لەناوچەكانی دوای شەڕ.(EC-UNDP 2020 ) هەروەها بێگومان ئەگەر دیموكراسی بریتیبێت لە حوكمی گەل لە رێگەی گەلەوە ئەوا ئەم پرۆسەیە بەبێ بونی هەڵبژاردنێكی تەندروست و پاك و خاوێن بەرجەستە نابێت هەربۆیە هەڵبژاردن بنەمای سیستمی دیموكراسیە.( مەجید، 2010 لا21)ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بكەین بریتی لە كاریگەری میدیای نوێ لەم نێوەندەدا كە بە خوێنی ژیان ( lifeblood of elections)( McGonagle.2019 p3 .)ی پرۆسەی دیموكراسی و هەڵبژاردن لەقەڵەم دەدرێت، چونكە ئەمرۆ دەنگدان و هەڵبژاردن بەبێ میدیای نوێ و تەكنەلۆژیا كەموكورتی هەیە و ئەگەری سەرنەكەوتنی زۆر زۆرە.دەنگدان لەنێو پرۆسەی هەڵبژاردندا ئامرازێكە بەدەست هاوڵاتییەوە بۆ چاودێریكردنی كاروبارەكانی حكومەت و كاریگەری خستنە سەر پرۆسەی سیاسی ئەگەر بەشداری سیاسی یەكێك لە ئامانجەكانی كاریگەری خستنە سەر دەسەڵاتی سیاسی بێت لەرێگای هاوڵاتییەوە ئەوا بەشداریكردن لە هەڵبژاردندا لە رێگای دەنگدانەوە یەكێكە لە ئامرازە گرنگەكان بۆ پێوانەكردنی توانای تاكەكان لە كاریگەری خستنە سەر دەسەڵاتی سیاسی ئەگەر چی تاكە ئامراز نیە بەڵام بە گرنگترینیان دادەنرێت،(كەئەمەش جیاوازە لەسەردەمی میدیای نوێ و میدیای تەقلیدیدا.( محمد،2019 ـ ص209) لەسەردەمی

نێت و سۆشیاڵ میدیاو تەکنەلۆژیادا پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردن بۆ هاوڵاتیان ئاسانترو خێراتر بووە کە ئەمەش وایکردووە هەندێ کات بەشداریکردنێکی زۆر پێشکەش بکات.(McGonagle.2019 p3 ) کەواتە پرۆسەی بەشداری سیاسی لە سایەی میدیای نوێ گۆرانکاری بەدوای خۆیدا هێنا کەلەسادەترین مانادا بریتییە لە ئاسانی و خێرایی و پرۆسەی دەنگدانەکە.

هەڵبژاردن وەک ئامرازێکی بەشداری سیاسی و دەنگدان ، و یەکێك لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی رەفتاری سیاسی تاك، بریتیە لە" یەکێک لە هێماکانی سیستمی دیموکراسی ویەکێک لەو ئامرازانە دادەنرێت کە لەڕێگایەوە هاوڵاتیان دەتوانن بەشدار بن لەهەڵبژاردنی نوێنەری خۆیان کەئەمەش بە پێی سروشتی سیستمە سیاسییەکان دەگۆڕێت لە سیستمی سەرۆکایەتیدا خەڵکی ڕاستەوخۆ سەرۆکی وڵات هەڵدەبژێرن و لەسیستمی پەرلەمانیشدا لە ڕێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیانەوە کە دەنگیان پێداون سەرۆکی حکومەت و ئەندامانی کابینەی حکومەت دیاری دەکرێت .وەهەندێک جاریش خەڵکی بەشدارە لە ڕێگەی هەڵبژادنەوە بۆ دیاریکردنی حکومەتی خۆجێیی شارەوانییەکان. لەپاڵ هەڵبژاردنیشدا بەشداریکردن لە **ڕاپرسیش** ئەچێتە خانەی بەشداریکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا لە پرۆسەی بەشداری سیاسیدا کە زیاتر لە سیستمە دیموکراسییەکاندا پەیڕەوی دەکەن کە بریتییە لە وەرگرتنی ڕاوبۆچونی خەڵکی لەسەر بڕیارێکی چارەنوس ساز یاخود دەرکردنی یاسایەک بەر لەوەی بچێتە بواری جێ بەجێکردنەوە ئەمەش دەرفەتێک ئەڕەخسێنێت بۆ بەشداری تاکەکانی کۆمەڵگا لە بەشداری سیاسیدا".( أبراش ، 1998، ص255 ). راپرسی: تەنها هەڵبژاردن یەکێك نییە لە ڕێگەکانی دەنگدان کە تیایدا رەفتاری سیاسی تاك نمایان دەکات، بەڵکو لەچوارچێوەی پرۆسەی دەنگداندا ، راپرسیش بەهەمان شێوە هاوڵاتی دەتوانێ تیایدا دەنگ بدات و گوزارشت لە بیروبۆچوونی خۆ بیکات...هەروەکو ئەوەی لەهەرێمی کوردستان بزوتنەوەی ڕیفراندۆم ڕاو بۆچونی خەڵکی لە ڕێگای ڕاپرسیەوە سەبارەت بە پرسی سەربەخۆی هەرێمی کوردستان لە ساڵی2017 وەرگرت لە میانەی ئەم پرۆسەیەشەوە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان هەستێکی سیاسی نوێیان بۆ دروست بوو لەسەر پرۆسەی جیابونەوە لە عێراق و لەرێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە بەبەڵێ یاخود نەخێر دەنگیاندا.( ڕابەر۔ 2006۔ لا67 ) هەندێجار لە سیستمە نادیموکراسییەکاندا پرسی راپرسی خراوەتە بەردەم خەڵکی ئەگەرچی لەم سیستمانەدا کاریگەری ئەوتۆی نابێت بەڵام بە شوازێک لە شێوازەکان مانای بەشداری تاکەکانی کۆمەڵگا ئەگەیەنێت لە کاروباری سیاسیدا(کە دواجار ئەمە ئاماژەیەکمان لەبارەی رەفتاری سیاسی تاك پێ دەدات)پرۆسەی بەشداری تاکەکانی کۆمەڵگا لە ڕێگای ڕاپرسی و هەڵبژاردنەوە پەیوەندی بە کلتوری سیاسی وڵاتەکانەوە هەیە ،گەیاندنی دەنگی خەڵکی بەدەسەڵاتداران لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە ڕۆحی پرۆسەی دیموکراسیە چونکە دیموکراسی بەواتای بەشداری ڕاستەقینەی تاکەکانە لەبەڕێوبردنی کاروباری وڵات.( حمادي، 2019 . ص26) کەواتە تۆ بتەوێ یاخود نا، چالاك بیت لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان یان بەپێچەوانەوە ئەوا هیچ لە هەژموون و دەسەڵاتی میدیای نوێ کەم ناکاتەوە، کە ئەمرۆ 3.5 ملیار خەڵك بەکارهێنەریەتی و پێشبینی دەکرێت بۆ 2025 ڕێژەکە بگاتە 4.5ملیار کەئەمەش وا دەکات زۆربەی راپرسی و دەنگدانەکان لەرێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وتەکنەلۆژیاوە بێت کە بەراورد بە میدیای تەقلیدی ئاسان و خێراترە.( Jasko Mahmutovic. 2020)

2۔ ئەندامێتی حیزبی (پارتی سیاسی)

یەکێکی دیکەی لەو پێوەرانەی یاخود پرۆسە سیاسیانەی کەوا کاریگەریان لەسەر دیدگاوبیرکردنەوە سیاسی تاك هەیە و دواتر لە رەفتاردا دەردەکەون بریتییە لە ئەندامێتی لە پارتی سیاسی و حزبایەتی، چونکە ئەندامێتی بەواتایەکی گشتی بریتییە لە بەشداریکردن لە کایەیی سیاسیدا.

ماکس فیبەر پێی وایە پارتی سیاسی بریتییە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە رێکخراوەکان لەنێوان تاکەکاندا کە تاك تیایدا ئەندامە بەمەبەست و ئامانجێکی دیاریکراوی مادی یاخود مەعنەوی(أبراش ، 1998، ص288) کەواتە ئەندامێتی لە حزب بریتییە لە بوونی ئامانج ئیدی ئەو ئامانجەش پێویستی بە جوڵەو کردارو گوفتاری سیاسی هەیە کە دواجار دەتوانین ناوی بنێین رەفتاری سیاس. هەروەها دەکرێت باس لە ئەزموونی حزبایەتی و ئەندامێتی لە پارتە سیاسییەکان بکەین لە هەرێمی کوردستان بەوەی کە" ئەزمونی بەشداری سیاسی لە پارتەکانی کوردستاندا لە شێوەی ستونی و هەرەمیە، واتا ڕادەی کاریگەری ئەندامان وابەستەیە بە پلەبەندی و پێگەی بەرپرسیارێتیان لە پارتە سیاسیەکاندا بە جۆرێک تەنها سەرکردەکان لە ڕوی کرداریەوە دەتوانن بەشداربن لە دروستکردنی بڕیاردا و ئەندامانی خوارەوەی پارتەکان ڕۆڵی جێبەجێکردن و پڕوپاگەندەی سەرکردەکانیان پێدەسپێردرێت. ئەم نا هاوسەنگیەیی نێوان سەرکردە و ئەندامانی خوارەوە لە سەردەمی سۆشیاڵ میدیادا بە تەواوی زەقبوەتەوە و زۆر جار پارتە سیاسیەکان پۆلێن دەکرێن بە سەر سەرکردایەتی و بنکەی حیزبدا و هەندێ جار بەسەر سێ گروپدا: بنەماڵەی پارتی سیاسی، ئەندامانی سەرکردایەتی، و ئەندامانی خوارەوە. زۆر جار بەهۆی گوێنەگرتنی سەرکردە یان ئەندامانی خێزانی سیاسی لە بنکەی پارتەکانیان بە تایبەتی لە پرسە سیاسی و ڕێکەوتنەکاندا، بنکەی خوارەوەی حیزبەکان واتا ئەندامانی خوارەوەیان لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە گوزارشت لە بۆچونەکانیان دەکەن و ناڕەزایەتیان دەردەبڕن، وێڕای بەکارهێنانی تاک بەتاکی ئەندامانی پارتە سیاسیەکان، زۆربەی ئۆرگانەکانی پارتەسیاسیەکان سۆشیاڵ میدیا بۆ پرسی پڕوپاگەندەی سیاسی و لە ڕێگەی مەڵپەڕی بێشوناسەوە بۆ هێرشکردن و لێدانی ئەندامانی پارتی سیاسی بەرامبەرو چالاکوان و کەسایاتیە نەیارەکان بەکاردەهێنن بە ئەندازەیەک لە هەندێ پارتی سیاسیدا سۆشیاڵمیدا بۆ لێدانی ڕکابەرانی ئەندامانی هەمان پارتی سیاسی بەکار دەهێدرێت(. Bali et al.2020.p13)

دەکرێت ئاماژە بە جیاوازی دوو سەردەم بکرێ تایبەت بە حزبایەتی و ئەندامێتی لە پارتە سیاسییەکاندا ئەویش لەسەردەمێك کە میدیا تیایدا نەبووە یاخود تەقلیدی بووە هەروەها لەسەردەمێکیش کە میدیا پێی دەوترێت میدیای نوێ لە رەنگرێژکردن و تەواوی کایە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بونی هەیە.

سەدەی بیستەم شاهیدی پێشکەوتنی گەورە و خێرا بوو لە میدیادا (میدیای نوێ) لەتەواوی وڵاتە جیاوازەکانی جیهان کە هاوتەریب بوو لەگەڵ پێشکەوتنە گەورە و خێراکان لە جیهاندا، هەروەها لەم چوارچێوەیە گشتییەشدا پارت و گروپی نوێ دەرکەوتن، کە تیایدا میدیاکان، بە تایبەت ئینتەرنێت، بوونەتە دەرفەت بۆ پەیوەندی نێوان هاوڵاتیان و کاندیدەکان یان لەوانەیە هۆکارێک بێت بۆ جیابوونەوە لە نێوان ئەو دوو لایەنە بەهۆی لێك تێنەگەشتنی نێوانیان، ئەم پێشکەوتنە گەورە و خێرایە لە ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و بەتایبەتی ئینتەرنێتدا، وایکردووە گەنجان زیاتر سوودی لێ وەربگرن (لەرێگەی میدیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە)، بە پێچەوانەی ئەوانەوە کە تەمەنیان هەیە و مەیلیان بۆ میدیای تەقلیدی وەک ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن هەیە بۆ زانینی هەواڵەکان و گۆرانکارییە سیاسییەکان.( عبدالهادي،

2020) بەگشتی ئەمڕۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لەژیانی سیاسی و بەشداری سیاسی و بڵاوکردنەوەی کەلتوری سیاسی، هەروەها ئەندام و کاندیدی حزبەکان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەی زۆرو بەرچاو بەکاردەهێنن بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنەکان کە ئەمەش یەکێکە لە پرۆسە کاریگەرییەکانی **حزبایەتی(مجاهد، 2016، ص58).**

هەروەها ئەگەر لایەنە سیاسیەکان (پارتە سیاسییەکان و ئەندامێتی تیایاندا) بەیەکێک لەو دامودەزگایانەی کە کەمترین متمانەیان هەیە لای خەڵک هەژمار بکرێن، ئەوا میدیا بە تەکنەلۆجیای مۆدێرنی پەیوەندییەوە، ئێستا دەرفەتێک بۆ حیزبەکان دەرەخسێنێت کە ناوبانگیان و ناوبانگی حیزبەکان لەناو خەڵکدا بەرز بکاتەوە، چونکە میدیاکان خۆیان لە پلەی متمانەدا لە باڵاترین دامەزراوەکاندان، هەرئەمەش وایکردووە ئەمڕۆ پارتە سیاسییەکان بۆ ڕێکخستنی ئەندامەکانی پشت بەتەواوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبەستن.(هەمان سەرچاوەی پێشوو)

میدیای نوێ ئەمڕۆ لەکوردستان هێندەی کاریگەری لەسەر حزبەکان و کاری سیاسی ئەندامەکانی داناوە بووتە هۆی ئەوەی چەمکێکی سیاسی بێتەئاراوە بەناوی (حزبی فەیسبووك) واتە حزبەکان هەم لەناوەوە هەم لەدەرەوە بەتەواوی پشت دەبەستن بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیای نوێ، و کاریگەر دەبن بە فەیس بووك وەك کاریگەرترین کەناڵی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەئەمڕۆدا، ئەمە جگە لەوەش کە ئەمڕۆ حزبەکان بۆ ڕێکخستن و پەیوەندی نێوان ئەندامەکانیان گروپەکانی ڤایبەرو وەتزئەپ بەکار دەهێنن بۆ کۆبوونەوە و میتینگەکانیان، کە جاران پێش ئەم گروپانە ناچار دەبوون لەرێگەی ئوسرەو یەکتر ببینن و کۆبوونەوە حزبییەکانەوە ئاگاداری چالاکی و زانیارییەکانی تایبەت بەیەك و حزبەکانیان بن، ئەمڕۆ تەکنەلۆژیا کاری ئەندامێتی لەحزبەکان ئاسان کردووە بەجۆرێك کە تاکی سیاسی دەتوانێ هەم لەماڵەوە بێت هەم ئاگاداری تەواوی جوڵە سیاسییەکانی حزبەکەی و هاورێکانی دیکەی بێت.(توێژەر) هەروەها نابێت خۆپیشاندان وەك سیمای سەرەکی رای گشتی، نادیدە بگیرێت لەوەی کە میدیا چۆن کاریگەری داناوە و حزبەکان و هاوڵاتیان کۆراییەك دروست دەکەن لەشەقام کە دواتر بە رەفتاری سیاسی لەقەڵەم دەدرێت(عەبدوڵا- 2020).

3ـ بەشداری و کارکردن لە ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکاندا

بێگومان مەبەستی سەرەکی لە پێکهێنان و دروستکردنی سەندیکاو یەکێتی و کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بریتییە لە بەشداری سیاسی گروپ و توێژەکانی کۆمەڵگا لە دارشتنەوەی سیاسەتی وڵاتدا کە تاك تیایدا هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی رەفتارێکی سیاسیی دیاریکراو.

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەمەبەستی نێوەندگیری لە نێوان حکومەت و خەڵکدا پێکدێن پەیوەندی یەکلایەنەی خەڵک لەگەڵ حکومەتدا بۆ پەیوەندیەکی دوولایەنە دەگۆڕێت بۆئەوەی دەسەڵات بەشێوەیەکی یەکسان لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگادا دابەشبکرێت ئەم کارەش دەبێتە هۆی بەشداری خەڵک لە ژیانی سیاسیدا هەرگروپێک لە ڕوانگەی بەرژەوەندی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی لە ڕێگەی نوێنەرانیانەوە پەیام و داخوازی و پرۆژەکانیان ئاراستە دەسەڵات دەکەن و تاك لەم نێوەندەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت وئەگەر گۆڕینی دیدگای حکومەت لە ڕێگەی کاری حیزبی و هەڵبژاردنەوە کارێکی ئەستەم بێت ئەوا کاری ڕێکخراوەی و بە ئەندامبون تیایدا بەدیلی بەشداری تاکەکانە لە ژیانی سیاسیدا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سود وەرگرتنی هاوڵاتیان لەم ئامرازە لە ئاستێکی نزمدایە چونکە کاریگەری ئەم ئامرازانە پەیوەستە بە چەندین هەل و مەرجەوە لەوانە:ڕادەی سەربەخۆی ڕێکخراوەکان و توانای مادییان وچۆنیەتی گەیشتنیان بەدەسەڵات و ڕادەی وەڵام دانەوەیان لەلایەن حکومەتەوە لەو فاکتەرانەیە کە کاری ئەم ڕێکخراوانە سنوردار دەکات (رسول، 2011ـ ل13 ).بێگومان ئەمڕۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە ئەکتەرێکی سەرەکی دادەنرێن لە دەستەبەرکردنی حوکمڕانی باش بۆ بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان، چونکە چاودێرن بەسەر دەسەڵاتەوە.و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (CSO) زانیاری دەدەن و هاوکارن،و دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ دیموکراتیزەکردنی دەسەڵات لە بەڕێوەبردنی سەرچاوەکاندا، هەروەها دەتوانن کاریگەر بن بۆ ئەوەی ئەکتەرەکانی تری حوکمڕانی وەك کۆمپانیاکان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.( Lise Rakner . 2019 ) کەواتە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەندامە خۆبەخشەکانی ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە پرۆسەو بەشداری سیاسی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، هەر ئەمەشە وا دەکات رەفتارێکی سیاسی روون بۆ ئێمە دەربکەوێت. بەڵام ناکرێت ئەوەش نادیدە بگیرین کەلە سیستمە دیکتاتۆریەکان دەسەڵات هەمیشە لە هەوڵی کۆنترۆڵکردن و قۆرخکردنی ئەم ڕێکخراوانەدان بەتایبەتی لە ڕێگەی بە حیزبیکردنی سەرانی ڕێکخراوەکان و یان دانانی کەسی حیزبی لە ڕێکخراوەکاندا بۆ ئەوەی نەبنە مایەیی سەرئێشە و فشاربۆسەر دەسەڵات( Grewal S..2018. p127 ).

دەکرێت ئەم نمونەیە لە هەرێمی کوردستان جێ بەجێ بکرێت کە لە ئەزمونی هەرێمی کوردستاندا بەشێکی زۆری ڕێکخراو سەندیکاکانی کۆمەڵی مەدەنی کوردستان سەربەخۆ نین و سەر بە حیزبەکانی کوردستانن، بە گوێرەی دابەشبونی حیزبەکان ئەوانیش هەر وا دابەش بوون، چالاکیەکانیان بە گوێرەی ویستی ئەو حیزبانەیە کە سەپۆرتیان ئەکەن ، کەسانی حیزبیان تیایە، لە جیاتی داکۆکیکاری مافی میللەتبن داکۆکیکاری سیاسەتی حیزبەکانن، هەرئەمەشە وایکردووە کەوا ئەندامێتی لە ڕێکخراو سەندیکاکان لە کوردستان گرنگییەکی ئەوتۆی نەبێت و تاك زۆر بەتامەزۆرییەوە بەشدار نەبێت تیایاندا.( سلێمان،2015 )

4ـ بەشداریکردن لە گردبونەوە وخۆپیشاندانەکان

یەکێ دیکە لەو پرۆسانەی رەفتاری سیاسی تاك دیاری دەکەن بریتییە لە بەشداریکردن لە خۆپیشاندان و گردبونەوەکان، کە لەهەمان کاتدا بەشداری چالاکانەی سیاسی تاك دەردەخات. (مصطفى، 2018ـ ص152 ) کە بێگومان میدیای نوێ بەشداریکردن لە گردبوونەوە و خۆپیشاندان و چالاکییەکاندا لەلایەن گەنجانەوە گۆرانکاری زۆری تێدا کردووە وەك لە بەهاری عەرەبی و وڵاتە عەرەبییەکاندا ئەمەمان بە ئاشکرا بینی.( البصراتي، 2014) لە هەرێمی کوردستانیش خۆپیشاندان و نارەزای هەمیشە چەکێک بوە بەدەست خەڵکییەوە بۆ داواکردنی خزمەتگوزارییەکانی ژیانی یاخود بۆ دەربڕینی هەڵوێستێکی نەتەوەی کەلەچەندین ئەزموون دا بەدیکراوە.زۆبەی کاتیش هەوڵدراوە پرسی خۆپیشاندان لە چوارچێوەی یاسادا جێی بکرێتەوە یەکێک لەو یاسایانەی کە پەیوەستە بە میکانیزمەکانی خۆپیشاندان و ڕێکخستنیەوە یاسای ژمارە(١١)ی ساڵی ٢٠١٠ لە بڕگەی یەکەمی ئەم یاسایەدا هاتوە کە خۆپیشاندان مافێکی دەستورییەوە بە یاسا ڕێک دەخرێت بەڵام بەحوکی هەژمونی حیزبی دەسەڵاتی حیزب لە ناو یەکە ئیدارییەکاندا کە ئەرکی پێدانی مۆڵەتی خۆپیشاندانیان لە ئەستۆییە بووە بەهۆی ئەوەی ئەو مافە وەکو مافێکی سیاسی و یاسای ناوەرۆکەکەی لەدەست بدات و ببێتە ڕوکەش ودروشمی حیزبە سیاسیەکان ئەمە جگە لەوەی خودی یاساکە چەندین لێکدانەوەی جیاواز

هەڵدەگرێت کە ئەمەش نیشانەی کەمکورِی ئەم یاساییە (وەلەدبەگی،٢٠١٧) . زۆرێک لە نوسەران ئەزمونی بەهاری عەرەبی بە پاساوێکی بەهێزی رِۆڵی سۆشیاڵ میدیا دەهێننەوە هەندێک پێیان وایە تەنها لە رِێگەی سۆشیاڵ میدیاوە دەکرێت کەمپینی نارِەزایەتی کاریگەر لە شیوەی خۆپیشاندان و نارِەزایەتی دەربرِین لە سۆشیاڵ میدیا بکرێت، بەواتایەکی تر سۆشیاڵ میدیا جگە لە تۆرِێکی رِێکخستن دەشێت شوێنگرەوەی شەقام و شوێنە گشتیەکان بێت. لەپاڵ هەموو ئەمانەی باسمانکرد خۆپیشاندان نارِەزای دەربرِین ئامرازێکی کاریگەرە بۆ فشار خستنە سەر دەسەڵاتی سیاسی لە رِێگای بەشداری تاکەکانی کۆمەڵگاوە.( Adam, .pp196-209 2017 and Shahin )

## 2ـ کاریگەری میدیای نوێ لەسەر رەفتاری سیاسی

هەرچەندە لەسەرچاوە کۆنەکاندا باس لە میدیای تەقلیدی دەکرێت وەك تاکە کەناڵێك کە کاریگەری راستەوخۆی هەبووە لەسەر رەفتارو ئاراستەی سیاسی تاکەکان، هەروەکو ابراهيم أبراش لە کتێبەکەیدا کە ساڵانی نەوەدەکان چاپکراوە زۆر بەوردی باس لەکاریگەری میدیا دەکات لەسەر رەفتارو تەنشیئەی سیاسی تاکەکان، تیایدا تەنها رۆڵ و کاریگەری تەلەفزیۆن وەك تاکە کەناڵی بینراو بیستراو زەق دەکاتەوە ،( أبراش، 1998 ص 222 ـ225)

بەڵام پێشتریش ئاماژە بەمەکرا، میدیای نوێ و کاریگەری لەسەر دیدگاو بیرکردنەوەی تاك بەجۆرێکە کەلە سەرەتای چەندانی بیروبۆچوون تاکو بوون بەکردار کاری خۆی دەکات، کەبێگومان کەناڵە سەردەمییەکانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان ئەم رۆڵە دەبینن، چونکە ئەوانن ئەمرۆ تەحەکوم دەکەن بە دۆخەکەو کاریگەری راستەوخۆ لەسەر رەفتاری تاکەکان دادەنێن(تویژەر): چەمکی سۆشیاڵ میدیا رەنگدانەوەی ئەو پێشکەوتنەیە کە بەسەر بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیادا هاتووە، ئاماژەیەکە بۆ شێوازە نوێکانی پەیوەندیکردن لە ژینگەیەکی دیجیتاڵیدا، زانیارییەکان لە ماڵپەرەکانی سۆشیاڵ میدیادا بە ئاشکرا بڵاودەکرێنەوە ئەو ئەندامانەی خاوەن بایەخ و بەرژەوەندی هاوبەشن پێکەوە کۆدەبنەوە بە ئامانجی ئاسانکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی نێوانیان و چالاککردنی کۆمەڵگە، درووستکردنی پەیوەندیی لەنێوان تاکەکان و دامەزراوە و گروپەکان، ئاشنابوونە بە کۆمەڵێك زانیاری و مەعریفە و دەستکەوتی ئەدەبی و زانستی و ئاڵوگۆرکردنی بیروبۆچوونە جیاوازەکان، سۆشیاڵ میدیا دیارترین رووخساری میدیای دیجیتاڵییە و کارلێکی کۆمەڵایەتی بنەمای پەیوەندییەکانیەتی،هەر هاووڵاتییەك نەك تەنها رۆژنامەنووسانی مەشقپێکراو و پسپۆران، دەنگێکی هەیە کە دەتوانرێت بە ئاسانی ببیسترێت.( احمد 2020 )واتە لەسایەی میدیای نوێ ئەمرۆ لەنێو تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و سۆشیاڵ میدیادا هاوڵاتیان دەتوانن وەك میدیاکارو راگەندکارە پرۆفیشناڵ و راهێنراو رەسمییەکان دەنگ و رەنگیان هەبێت و لەرێگەی سمارتفۆنەکانی دەستیانەوە هەم کاریگەری دابنێن هەم کاریگەریان لەسەر دابنرێت.ئەمرۆ تۆرەکۆمەڵایەتییەکان رۆژ بەرۆژ لەپەرەسەندن و گەشەکردندان کە لەرێگەی ئەپڵیکەیشنی نوێ خۆیان نمایش دەکەن و کاریگەری لەسەر رەفتاری تاکەکان دادەنێن، دەتوانین گرنگترین کە ئەمرۆ لەکۆمەڵگادا رۆڵ و کاریگەریان هەیە باس بکەین،یەکەم تۆری کۆمەڵایەتیش کە ئەمرۆ وەك ئەپێك لەنێو هەموو مۆبایلەکاندا بوونی هەیە بریتییە لە فەیس بووك: کە بەکارهێنراوترین کەناڵی نێو تۆرە کۆمەڵایەتییەکانە ئەمرۆ (بەهەرێمی کوردستانیشەوە) کە نامەو دەنگ و ڤیدۆکان بۆ بەرامبەر دەگوازێتەوە، و راستەوخۆ کاریگەری هەیە لە هەڵسکەوت و سلوك و بیرکردنەوەی تاکەکان، کەلە سەرەتای ساڵی 2018 (2.17) ملیار بینەری هەبووە، تۆرێکی ئۆن لاینی ئەمریکییە لە ساڵی 2004 دامەزراوە(عبدالله، 2020 لا18).

بەپێی سەرچاوە زانستییەکان و ژمارەکان ئەو سیگناڵە دەدەن، کە هەتاکو ئەمرۆ (facebook)هەژمووونی تەواوی هەیە لەنێو تۆرە کۆمەڵایەتییەکان کە رۆژانە لەگەڵ مرۆڤەکاندا دەژی، ئەمەش وایکردووە هیچکام لەتۆرەکانی دیکەی تاکو ئەمرۆ وەك فەیس بووك نەیانتوانیوە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگاکان دابنێت، بەتایبەت لەرووی کۆمەڵایەتی و سیاسی (کە دەکرێت دواتر زۆرتر باس لەم بابەتە بکرێت) دوا بەدوای فەیس بووك دەکرێت بڵێین: یوتوب: یەکێکی دیکەیە لەو کەناڵانەی کە لەنێو تۆرەکاندا زۆرترین رۆڵ و بینەرو کاریگەری هەیە. ئەم تۆرەش گەورەترین ئەرشیفی ڤیدیۆیی جیهانە کە لەساڵی 2005 لەلایەن سێ خوێندکاری ئایتی دووانیان لە هندستان و ئەوی دیکەیان لە ئەمریکا دامەزراوە، لە ساڵی 2018 یوتوب بە دووەمین تۆری کۆمەڵایەتی وەسفکرا کە لەسەر ئاستی جیهان 1.5 ملیارو نیو بەکارهێنەری هەیە. (حەمەسەعید، 2020 لا 80 ) هەروەها هەریەکە لە تویتەر و تیکتۆك و ئنستاگرام و سناپچات چەندان ئەپی دیکە ئەمرۆ لەنێو تۆرە کۆمەڵایەتییەکان وەك کەناڵێکی کاریگەری پەیوەندی دەور دەبینن، بۆ نموونە سناپچات کە لە ساڵی 2011 دەرکەوتووە خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندی وێنەو تێکست و ڤیدۆی ناردن لەخۆدەگرێت، لەئەمرۆدا بەرێژەی ٪34.57 بەکارهێنەرانی ئەم تۆرە کۆمەڵایەتییەن کە زۆربەشیان لە رەگەزی مێ و گەنجانن. (حەمەسەعید، 2020 لا82 )کەواتە کاریگەری میدیا بۆ سەر رەفتاری تاکەکان بەشێوەیەکە کە تەواوی ژیانی مرۆڤەکانی داگیر کردووە و بەویستی خۆی رەفتارەکانیان رەنگرێژ دەکات کە ئەگەر وردی بکەینەوە لەرێگەی ئەپی نێو مۆبایلەکانمانەوە تەحەموکمان پێوە دەکات، کە دەشێت رەفتارەکە سیاسی یاخود کۆمەڵایەتی یاخود ئاینی ئێمە فەیس بووك یاخود تیك تیك دیاری بکات، بۆ نموونە کاتێك کەسێك بەهۆی کاریگەری میدیا ئاینەکەی لە زەردەشتییەوە دەگۆرێت بۆ ئیسلام یاخود بەپێچەوانەوە ئەوکاتە جۆرێکی دیکە مامەڵە و رەفتار دەکات لەگەڵ چواردەوری، یاخود کاتێك کەسێك بەهۆی کاریگەری میدیا حزبەکەی دەگۆرێت بۆ حزبێکی دیکە ئەوکاتە لەگەڵیدا سروشت و کۆمەڵە سیاسییەکەشی لەگەڵ دەگۆرێت و دواجار کاریگەری لەسەر کردارو گوفتارەکانی دادەنێت...کەواتە راگەیاندن بەگشتی بریتییە لە پەیوەندی و کۆمونیشکەیشنی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا و هەموو جۆرە پەیوەندییەکیش هەوڵی روودانی جۆرێك لە کاریگەری دەدات کەلەدەرەنجامی پەیوەندییەکە دروست دەبێت، بەڵام دەتوانین دان بەو راستیەشدا بنێین کە دیاریکردنی ئاست و جۆری کاریگەرییەکە ئاسان نییە و دەوەستێت لەسەر رادەی بوونی زانیاری و پەیوەندییەکە.( مەکاوی، 2011 لا46 )کەواتە میدیا (راگەیاندن) کەس ناتوانێ نکوڵی ئەوەی لێ بکات کە کاریگەری لەسەر تاك و جەماوەر هەیە، بەڵام جۆرو ئاستی ئەم کاریگەرییە دەگۆرێت لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە هەروەها بەپێی قۆناغە مێژووییەکانیش لە سییەکانی سەدەی رابردوو تاکو ئەمرۆ (لەسایەی میدیای نوێ) کاریگەری ئامرازەکانی راگەیاندن گۆرانکاریان بەسەردا هاتووە کە رۆژ بەرۆژ زۆرترو فراوانترو خێراتربوون لە پێشتر(هەمان سەرچاوە).

میدیای نوێ بەبەراورد بە میدیای تەقلیدی کاریگەری زۆرتری هەیە لەسەر هوشیاری سیاسی تاکەکان لە کۆمەڵگادا، چونکە هاوڵاتی دەتوانێ بە ئازادانەو ویستی خۆی لەرێگەی هێڵەکانی پەیوەندی دەستی بگاتە بەزانیاری و هەواڵە سیاسیەکان بەبێ ئەوەی حزب و دەسەڵات و گروپەکانی فشار بتوانن رێگەی لێ بگرن، هەر ئەم هوشیارییە سیاسیيە وا دەکات کە گۆرانکاری لە رەفتاری سیاسی تاکدا روو

بدات(حسنونة، 2016 ص11 ) ڕۆڵو کاریگەری میدیا لە دروستکردنی ڕای گشتی و پێگەیاندنی لە ڕێگەی خۆپیشاندان و ڕادەربڕین یاخود دەنگدان و هەڵبژاردن و هەر ڕێگەیەکی تری بەشداری سیاسی (کەبەشێکن لە ڕەفتاری سیاسی تاك) بەهاو گرنگیەکی زۆرو بەرچاوی هەیە، چونکە میدیا بەهەموو جۆرەکانیەوە بە خستنە ڕووی هەندێك بابەت و بروزکردن و سەرنجدانان لەسەر ئەو بابەتانە سەرنجی خەڵکی بۆلای خۆیان ڕادەکێشن و لەژیانی ئەواندا بەرجەستەی ئەکات و لەبارەی ئەو بابەتانەوە کە جێی مەبەستیەتی زانیاری و ئاگاداری دەداتە خەڵك(عەبدولا2020).

کەواتە کاریگەر و گرنگی میدیای نوێ لەسەر سلوکی تاك بەتایبەت لایەنی سیاسی لەم ڕووەوە دەردەکەوێت کە هاوڵاتی ئازادە و دەتوانێ لەڕێگەی میدیاوە بەتایبەت لەپرۆسەیەکی دیموکراتیدا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکاربهێنێت و کۆمێنت بنووسێت، کەواتە بارگاوی دەبێت بەمیدیا، ئەمڕۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش بریتین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەلەڕێگەیانەوە هاولاتیان زۆرترین کاریگەریان لەسەر دادەنرێت و لەلایەکی دیکەش ئەوانیش کاریگەری لەسەر بەرامبەر دادەنێن، کە دەکرێت لەم خشتەی خوارەوەدا ڕێژەی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بخەینەروو، بەمشێوەیە:( زرن 2017)

**خشتەی ژمارە (7)**

| ز | تۆڕەکانی پەیوەندی | ژمارەی بەشداری (بە ملیۆن) |
|---|---|---|
| 1 | facebook | 1.8 ملیار |
| 2 | whatsApp | 900 |
| 3 | Instagram | 500 |
| 4 | FM Messenger | 800 |
| 5 | Tumblr | 555 |
| 6 | Twitter | 317 |
| 7 | Skpe | 300 |
| 8 | Viber | 249 |
| 9 | Line | 212 |
| 10 | Snapchat | 200 |
| 11 | LinkedIn | 106 |
| 12 | pinterest | 100 |

کەواتە بەپێی ئەم داتایە بێت (فەیس بووك) لەسەروی هەموو تۆڕەکانەوە بۆ بەکارهێنان، بەرێژەی (یەك ملیارو هەشسەد هەزار) کەس، دواتر وەتزئەپ و تۆڕەکانی دیکە کە ڕۆژانە لەلایەن هاوڵاتیانەوە لەسەر ئاستی جیهان بەکار دەهێنرێن و هاوڵاتی دەتوانێ بەئاسانی گوزارشت لە بیروراکانی بکات، کە ئەمەش بۆ هەرێمی کوردستان تەواو درووستە کە لەسایەی میدیای نوێ بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و فەیس بووك ئەمڕۆ لەهەرێمی کوردستان وەرگر (هاوڵاتی) ڕووبەڕووی زانیارییەکی بێ ئەندازە دەکەنەوە، ئەمەش وا دەکات هەندێ وەرگر تووشی دوودڵی و دڵەڕاوکێ دەکات، چونکە نازانێ و بەئاسانی ناتوانێ لەنێوان هەواڵە درووستەکەو هەواڵە ناراستەکە جیاکاری بکات، کە دواجار کاریگەری لەسەر ڕەفتاری سیاسیان دادەنێت کە کرۆکی بابەتەکەیە.

ئەمڕۆ سوود وەرگرتن لە کەناڵە پێشکەوتنەکان لەلایەن هاوڵاتیانەوە ئاسانەو دەتوانن لەچەند ڕێگەیەکەوە و بەشێوەیەکی فراوان میدیای نوێ بەکاربهێنن وەك وێنەو فیدۆو ڕەنگ و جوڵە تێکست، کە ئەمەش وایکردووە کاریگەرییەکی لەچاو کەناڵە تەقلیدیەکان چەندقات بکاتەوە و وای لێ بێت کاریگەرییەکی زۆر خێرا بکاتە بەسەر ڕەفتارەکانیان و پەرشو بڵاویان بکات بەشێوەیەك ڕووبەڕووی دوودڵیان دەکاتەوە چونکە لەنێو دونیاییەکی فراوان جەنجاڵدا خۆیان دەبیننەوە بەتایبەت ئەمە بۆ منداڵان و گەنجان درووستە.( العاني، 2015 ص71 )"ئەوەی زۆرتر کاریگەرییەکە خێراترو بەپەلە تر ئەکات ئەوەیە کە بەکارهێنەرێکی زۆرو لێزان و شارەزا ئەمڕۆ لەنێو میدیای نوێدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکار دەهێنن بۆیە کاریگەرییەکەیان زۆرتر دەبێت." میدیای نوێ بووەتە هۆی ئەوەی کە چینێکی نوێ لە میدیاکارو ڕۆژنامەنووسی نا پرۆفیشناڵ بەهەرهەم بهێنێت کە سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ هیچ کەناڵێکی ڕەسمی کار ناکەن بەڵام شارەزایان زۆترە لە ڕۆژنامەنووسە پیشگەرەکان لەڕووی بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی و تۆڕەکان بۆیە کاریگەرییەکەشیان زۆرتر دەبێت لەسەر بەرامبەر. (هەمان سەرچاوە ) بێگومان دەبێت ئەوەش نادیدە نەگرین کە کاریگەری ڕاگەیاندن (میدیا بەگشتی و میدیای نوێ بەتایبەتی) لەسەر تاکەکان دەکرێت بەشێوەی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ ڕەفتاری تاکەکان ڕەنگ ڕێژ بکات، کە یەکەمیان: ڕاستەوخۆ: ئەوە کە ئەو تاکانە کە ڕاستەوخۆ بایەخی تەواو دەدەن بە هۆکارو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن (وەك سۆشیاڵ میدیای لە جیهانی ئەمڕۆدا) کە ڕاستەوخۆ تاك خۆی کاریگەر دەبێت بە میدیا و زانیارییەکان وەر دەگرێت، بەڵام لەبەرامبەردا دووەم، ناڕاستەوخۆ: ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لەڕێگەی کەسانی دیکەوە زانیاری و هەواڵەکان وەردەگرن و سەرسام دەبن بە ڕاگەیاندن، واتە خۆیان ڕاستەوخۆ بایەخ بە میدیا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن نادەن، ئەمەش وا دەکات کە کاریگەری ناڕاستەوخۆ لەلایەن ڕاگەیاندنەوە لەسەریان دابنرێت.( دیفلیر، بۆڵ ـ ڕۆکیتچ، 2021 لا لا 274 ـ 275 ) (کە بەتایبەت لەو کەسانەدا بەدی دەکرێت کە ئەمڕۆ خاوەنی تۆڕەکانی پەیوەندی بەتایبەت فەیس بووك نین، چونکە بەپێی هەندێ لە زانیاری و داتاکان ملیۆنێ کەس لەهەرێمی کوردستان خاوەنی فەیس بووك نین ـ توێژەر.)

## باسی سێیەم

## لایەنی مەیدانی

کاریگەری میدیای نوێ لەسەر بەشداری سیاسی

بەشداری سیاسی یەکێکە لەو پێوەرە سەرەکیانەی کەوا ڕەفتاری سیاسی تاکی پێ دیاری دەکرێت، کە لەمیانەیدا تاك چالاکی سیاسی ئەنجام دەدات و ڕەفتارێك دەنوێنێت کە پێی دەوترێت ڕەفتاری سیاسی. دەنگدان یەکێکە لەو چالاکی و کردارانەی کەلە میانەی بەشداری سیاسی دا تاك ئەنجامی دەدات، لەخشتەکانی هاوپێچ و چاوپێکەوتنەکانی ئەم تەوەرەدا زۆرتر لەدەرگای ئەم بابەتە زانستییە دەدرێت.

**خشتەی (٨)**

**میدیای نوێ وەك هاندەرێك بۆ دەنگدان**

| میدیای نوێ و بەشداری دەنگدان | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٠٤ | ٣٤,٤ |
| نەخێر | ١٦٨ | ٥٥,٦ |
| نازانم | ٣٠ | ٩,٩ |
| کۆ | ٣٠٢ | ١٠٠ |

بەپێی خشتەی ژمارە (٨) میدیای نوێ، وردتر لەوە پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیای، پرسیاری سەرەکی بەردەم بەرتوێژەکانە کە تاچەند ئامرازەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان بەکارهێناوە بۆ دەنگدان وەك پرۆسەیەکی سەرەکی لە بەشداری سیاسی.؟ بەپێی دەرەنجامی بەدەستکەوتوو سەرەڕای ئەوەی کە نەخێر ژمارەیان زۆرتر بووە لە بەڵێ بەڵام دواجار ژمارەیەکی زۆر لە بەشداربووانی کۆمەڵگەی

تویژینەوەکە ئاماژەیان بەوەداوە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەك هاندەرێك بەکار هێناوە و کاریگەریان لەسەر بووە بۆ دەنگدان، کە ژمارەیان (١٠٤) بەرێژەی (٣٤,٤) کەلەبەرامبەردا بەرێژەی (١٦٨) کەژمارەیان (٥٥،٦) کەس بووە بەنەخێر وەڵامیان داوەتەوە کە میدیای نوێ کاریگەرو هاندەر نەبووە بۆیان تاکو دەنگ بدەن، کە دەکرێت ئەمەش پەیوەندی هەبێت بە کۆتا هەڵبژاردنەکانی عێراق لە هەرێمی کوردستان کە هەڵبژاردنێکی پێش وەختە بوو لە ساڵی (10.10.2021) بۆ پەرلەمانی عێراق کە لەبەر نیگەرانی و نادادییەکانی دەسەڵات ژمارەیەکی کەم دەنگدەری هاوڵاتی بەشداری دەنگدانیان کرد، ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە هاوڵاتی لەمرووەوە بەنیگەرانییەوە فۆرمی ڕاپرسی تویژینەوەکەی پڕکردۆتەوە، چونکە ڕێژەی (نازانم) یش لەفۆرمەکە کە وەڵامیان داوەتەوە ژمارەیەکی کەم نییە کە (٣٠) کەس دەبن بەرێژەی (٩,٩)، ئەمەش جێگەی پرسیارە کە ئەمڕۆ هاوڵاتیان لەنێو تۆڕە کۆمەڵاتییەکان هوشیارییەکی باشیان هەیە بەڵام بێ ئاگایی خۆیان دەردەبڕن سەبارەت بە پرسێك کە هەمووان دەگرێتەوە.

کەواتە بەپێی خشتەی ئاماژەبۆکراوی سەرەوە لەنێو بەشداری سیاسی وەك دیارترین چالاکی سیاسی دەنگدان وەرگیراوە تاکو ئاستی کاریگەری سۆشیاڵ میدیا لەسەر ئەم بابەتە بزانرێت، کە دوای شیکردنەوەی بابەتەکە بەپێی داتاکانی نێو خشتەکە ئەو ڕاستییە دەرکەوت، کەبێگومان ئەمڕۆ (تاك) هاوڵاتی لەرێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەشێوەیەکی گشتی بەشداری سیاسی دەکات و وردتر لەووەش بەشداری پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردنە گشتییەکانی وڵاتەکەی دەکات.

ئەم بابەتە (کاریگەری میدیای نوێ و پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا) بەهەمان شێوە جێگەی باس و خواس و را جیاوازی نێوان کەسایەتی و حزبە کوردییەکانی باشوری کوردستانە، کە هەندێکیان کاریگەرییەکەی بەشتێکی لاوەکی دەزانن و پێیان وا نییە ئەو هەژموونەی هەبێت کە پرۆسەو دەرەنجامی دەنگدان یەکلایی بکاتەوە بەڵام لەبەرامبەردا هەندێکی دیکەیان پێیان وایە کە ئەوە سۆشیاڵ میدیایە حزبێکی وەك (نەوەی نوێ) دەکات بەخاوەنی 9 کورسی پەرلەمانی.

هەربۆیە لەمبارەوە هێمیدا شاهین، وتەبێژەی جوڵانەوەی نەوەی نوێ دەڵێت:

*"ئێمە وەك هێزێکی ئۆپۆزسیۆن ئەمڕۆ میدیای نوێ بەکاردەهێنین بۆ گەیاندنی داواکاری و چالاکییە سیاسییەکانمان، کەلەرێگەیەوە فشارمان خستۆتە سەر دەسەڵات، چونکە زۆربەی کات لەرێگەی یەك کۆمێنتەوە دەسەڵاتمان هیناوەتە سەر خەت، کەئەمەش ئەوپەڕی چالاکی و بەشداری سیاسی دەردەخات کەدواجار خوڵقێنەرەکەی بریتییە لە میدیای نوێ یاخود ئەوەی کە من ناوم ناوە دیجیتاڵ میدیا"*

وتەبێژەکەی نەوەی نوێ دەشڵێت:

*"میدیای نوێ بۆ دەسەڵات گورچکبڕە، چونکە تاك لەرێگەیەوە چالاکی سیاسی و بەشداری سیاسی ئەنجام دەدات، ئەمەش زۆربەی کات بۆ دەسەڵات ئاسان هەزم ناکرێت، بۆیە دەسەڵات لەزۆربەی وڵاتان لەکاتی چالاکی و خۆپیشاندانەکاندا خەت و هێڵی نێت دەبرێت."*

سەبارەت بە دەنگدان (وەك رەهەندێکی سەرەکی رەفتاری سیاسی) هێمداد شاهین، وتەبێژەکەی نەوەی نوێ، دەڵێت:

*"ئێمە پێیان وایە رەنگە لەسەرەتادا ئەو بابەتە سیاسییەی بانگەشەی بۆ دەکەیت کەس لێت کۆنەبێتەوە، بەڵام دواجار ئەوە سۆشیاڵ میدیایە و راگەیاندنە کە حزبی سیاسی لەرێگەیەوە بانگەشە بۆ ئامانجەکانی دەکات و خەڵك لەدەوروبەری خۆی کۆ دەکاتەوە لەرێگەی، بۆیە ئاستی پشتیوانی کردن لە کەسانی دیجیتاڵ میدیا واتە ئاستی کاریگەری و هەژموونی حزبەکەت، بەڵام دەبێت راستگۆ بیت لەگەڵ ئەو پەیامەی بانگەشەی بۆ دەکەیت، چونکە چەندە میدیاش بەکاربهێنی بۆ هاندانی خەڵك تاکو دەنگت پێ بدەن دواجار دەبێت حزبەکە راستگۆو پاك بێت...."و میدیای نوێ گفتوگۆ هەڵ ناگرێت کە ئەمڕۆ دەنگدانی ئاسان کردووە، کە دەکرێت لەیەك کاتدا تۆ سەدان دەنگ بەدەست بهێنیت."*

هەروەها سەبارەت بەهەمان پرس و بابەتی کاریگەری میدیای نوێ لەسەر دەسەڵات و پرسی بەشداری سیاسی و دەنگدان و کاریگەری سۆشیاڵ میدیا لەم نێوەندەدا، محمد حەکیم، سەرکردە لەکۆمەڵی دادگەری و ئەندامی ئەنجومەنی سیاسی و وتەبێژی حزبەکەش دەڵێت:

*"میدیای نوێ یاخود سۆشیاڵ میدیای ئەمڕۆ هێندە کاریگەری هەیە کە زۆربەی کات کاریگەری لەسەر بڕیاری دەسەڵات و حزبەکان دادەنێت، چونکە ئەمڕۆ میدیای دەتوانێ رای گشتی دروست بکات و لەرێگەیەوە تاك چالاکی و بەشداری سیاسی ئەنجام بدات"*

دەشڵێت:

*" ئێمە وەك کۆمەڵی دادگەری سەرەتا باشتر دەمانتوانی میدیای بەکاربهێنین، بەڵام ئەمڕۆ سەرەرای بەرەوپێشچوونی سۆشیاڵ میدیا بەڵام بەراورد بە حزبەکانی دیکە کۆمەڵ نەیتوانیوە سوودی تەواو لە میدیای نوێ وەربگرێت بە گەیاندنی پەیامەکانی تاکو لەرێگەیەوە تاك ناچار بکات کە بێچێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان"*

*" ئەو سەرکردەی کۆمەڵی دادگەری، گلەیی ئەوە لە حزبە ئیسلامییەکان دەکات کە ئەوانیش وەك پارتی و یەکێتی سۆشیاڵ میدیا زۆرتر بۆ یەکتر شکاندن و قۆستنەوەی هەندێ شتی لاوەکی و گەورەکردنی دژی یەکتر بەکاری دەهێنن کە لەبنەرەتدا سۆشیاڵ میدیا دەبێت بۆ هاندان بەکار بهێنرێت بەشداری سیاسی و دەنگدان کە بەراستی ئەمە نەخۆشییە کاتێك سۆشیاڵ میدیا بۆ ناشرینکردن یەکدی بەکار بهێنین."*

**خشتەی (9)**

**کۆمێنت و پۆست دژی دەسەڵات و گەندەڵی وەك هۆکارێك بۆ بەشداری نەکردن لەدەنگدان**

| کۆمێنت و بەشداری دەنگدان | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٧٤ | ٢٤,٥ |
| نەخێر | ٢٠٧ | ٦٨,٥ |
| نازانم | ٢١ | ٧ |
| کۆ | ٣٠٢ | ١٠٠ |

کۆمێنت و پۆست دژی دەسەڵات و پرسی گەندەڵی یەکێکی دیکەیە لە بابەتە زیندووەکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە کاریگەری و هەژموونی میدیای نوێ دەردەخات، کە پرسیارەکە بەمشێوەیە رووبەرووی بەشداربووانی کۆمەڵگەی تویژینەوەکەمان کراوەتەوە، ئایا قسەو کۆمێنت و پۆستی کەسەکان لەسەر پرسی گەندەڵی و دژی حکومەت و دەسەڵات، بۆتە هۆی ئەوەی دەنگ نەدەیت؟ کەلەخشتەی ژمارە (٩) روونکراوەتەوە و زانیارییەکانی پرسیارەکە خراونەتەروو، واتە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە هۆی بێهیوابوون لەسەر پرسی دەنگدان و دەنگدەر هیوای بەگۆرانکاری نەمێنێت تاکو بچێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان، کە ڕێژەیەکی زۆر وەڵامەکەی نەخێر کەژمارەیان (٢٠٧) کەس بووە بەرێژەی (٦٨,٥) کەئەمەش دەرخەری ئەو راستییە هەرچەندە کۆمێنت و پۆستێکی زۆر دژی دەسەڵات کراوەو پرس و بابەتەکانی گەندەڵی زۆرتر وروژێنراوە بەڵام هێشتا دەنگدەر بەتەواوی سارد نەکراوەتەوە لەدەنگدان، بەڵام لەبەرامبەردا ئەمەدا ڕێژەیەکی دیکەش لەبەر ئەم بابەتەی

باسکرا بێ هیوابوون و بەشداری دەنگدانیان نەکردووە کەژمارەیان (٧٤) کەسە بەرێژەی (٢٤,٥). لەم نێوەندەشدا (٢١) کەس بەرێژەی (٧) فۆرمەکەیان بە "نازانم" پڕکردۆتەوە. کە کۆی گشتی (٣٠٢) کەس و بەرێژەی (١٠٠)بووە.

لەمبارەوە گرنگە ئاماژە بە چاوپێکەوتنی کەسایەتی و سیاسیی و میدیاکاران بدەین کە ئەنجام دراوە لەگەڵیاندا، چونکە رای جیاوازیان هەیە لەمبارەوە و هەندێکیان پێیان وابوو کە بەڵێ هەندێ کات تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەت فەیس بووك خەڵکی بێ هیوا دەکات لەدەنگدانی راستی و حەقیقی و لەسەر شەقام نارەزایەتی خۆی دەردەبرێت و بێ هیوا دەبێت لەوەی بچێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان دەنگ بدات، کەئەمەش بەهۆی ئەو هەموو زانیاری و ئاگاییەی تاکەوەیە لەبارەی دەسەڵات و پرسەکانی گەندەڵی و دزی و تاڵانکاری لەلایەن بەرپرسەکانەوە، بۆیە **موحسین ئەدیب**، مامۆستای زانکۆ و بەرێوەبەری رۆشنبیری و هونەری سلێمانی لە وەزارەتی رۆشنبیری لە چاوپێکەوتنەکەیدا لەگەڵ توێژەر دەڵێت:

موحسین ئەدیب دەڵێت:

*"کاتێك میدیای تەقلیدی نامێنێت و میدیای نوێ دێتە ئارا، بابەتی مەرکەزیبوون و لامەرکەزی بوونی میدیا دێتە ئارا، واتە لەسەردەمی میدیای تەقلیدی مەرکەزیبون هەبووە و دەسەڵاتێك کۆنترۆڵی مەرکەزی کردووە کە ئەمەش زۆربەی کات لەکاتی خۆپیشاندن و شۆرشەکاندا دەسەڵات دەستی بەسەر ئێزگەو تەلەفزیۆندا گرتووە، بەڵام ئەمە بۆ میدیای نوێ و سۆشیاڵ میدیا پێچەوانە بوویە و لامەرکەزی بوون بەرقەرار بوو لەمیدیا و کۆنترۆڵکردنی ئاسان نەبوو، کەلەرێگەی کۆمێنت و بەشداری پۆستەکانی فەیس بووك تاك دەتوانێ بەشداری چالاکی سیاسی بکات بەویستی خۆی."*

دەشڵێت:

*"میدیای نوێ و هەژموونی فەیس بووك زمانی بەخشی بە خەڵك کە بتوانێ لەمیانەیدا گوزارشت لە داواکارییەکانی بکات، کە زۆربەی خەڵك ئەمرۆ لەرێگەی سۆشیاڵ میدیاوە قسە بەدەسەڵات و گەندەڵییەکان دەڵێن، کە بەراستی کۆمێنت نوسین بریتییە لە پرۆڤەکردن بە عەقڵ کە رۆژێك دێتەپێش ئەو عەقڵە گەشە دەکات واتە تاك لەرێگەی کۆمێنت و قسەوتن و قسەکردنەوە گەشە بە عەقڵی خۆی دەدات و بەئازادانە زۆربەی خەڵك قسە دەکات ئەمەش راستەوخۆ پەیوەندی بە پرۆسەی سیاسی و دەنگدان هەیە."*

(............) بەرپرسی حزبێکی رۆژهەڵاتە لە باشوری کوردستان، کە نەیویست ئاماژە بە ناوەکەی بکەین لە توێژینەوەکەدا، تایبەت بەوەڵامی پرسیاری ئایا کۆمێنت و پۆست دژی دەسەڵات، هۆکاریکن بۆ بەشداری نەکردن لەدەنگدان.؟ وتی:

*" ئەوەندەی ئێمە ئاگاداری دۆخی سیاسی بین لەهەرێمی کوردستان (باشور) کۆتا هەڵبژاردن دەنگدەرێکی زۆر کەم رووبان لە سندوقەکانی دەنگدان کرد کە رێژەکەیان (40٪) تێ نەپەری، ئەمەش ئاماژەیەکی مەترسیدار بوو کە رووبەڕووی بەشداری سیاسی بووەیەوە لە هەرێم، کە من پێم وایە هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ بێ هیوابوونی تاك لە سندووقەکانی دەنگدان و گۆرانکاری سیاسی لەرێگەی دەنگدانەوە، کە ئەگەر زۆر بەوردی سەیری ئەمە بکەین دەبینین کە تۆرەکۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکی سەرەکین بۆ ئەم بێ هیوایە..."*

ئەو بەرپرسە سیاسییە ئەوەشی راگەیاند:

*" چونکە لەرێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هاوڵاتی ئاگاداری زۆرێك لە زانیاری و بابەتەکانی تایبەت بە نادادی کۆمەڵایەتی و هەژاری و گەندەڵییە، ئەمەش وای لێ دەکات کە لەلایەك تورە بێت لەدەسەڵات و لەلایەکی دیکە بە دەنگدان سزای بدات، کە بەراستی ئەمەش ریگا هەڵەیەکە و دروست ئەوەیە کە دەبێت تاك رەفتارێکی سیاسی بنوێنێت بە ئاراستەی بەڵی و بەشداریکردن و دەنگ بدات و گوزارشت لە دەنگی خۆی بکات و دەسەڵات بگۆرێت، راستە بەشداری نەکردنیش فۆرمێکی دیکەی رەفتاری سیاسییە بەڵام ئاراستە دروستەکە نییە..."*

**خشتەی ژمارە (١٠)**

**پۆست و کۆمێنت و چالاکییەکانی فەیس بووك، و بریاری سیاسی**

| پۆست و کۆمێنت و بریارە سیاسییەکان | دووبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵی | ١٧٨ | ٥٨,٩ |
| نەخێر | ٩٠ | ٢٩,٨ |
| نازانم | ٣٤ | ١١,٣ |
| کۆ | ٣٠٢ | ١٠٠ |

پرسیاری سەرەکی خشتەی ژمارە (١٠) بۆ بەرتوێژو بەشداربووانی کۆمەڵگەی توێژنەوەکەمان بریتییە لە (پێت وایە پۆست و کۆمێنت و چالاکییەکانی فەیس بووک، دەسەڵاتی پەشیمان کردۆتەوە لە دەرکردن یان دەرنەکردنی هەربریارێک؟) ئەمە پرسیارێکی جەوهەری و بنەرەتییە بۆ زانینی ئاستی کاریگەری میدیای نوێ بەگشتی و لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا فەیس بووك بەتایبەتی، کە (١٧٨) کەس بە "بەڵێ" وەڵامیان داوەتەوە بەرێژەی نیوە زیادە (٥٨,٩) کەئەمەش سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە بەڵێ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری راستەوخۆیان داناوە لەسەر بریارەکانی دەسەڵات، ئەمە تەنها لایەنی هاوڵاتییە ، توێژەر هەوڵیداوە لایەنی دەسەڵات و بریاردەرو یاسادانەرانیش وەربگرێت تاکو بەتەواوی ئارگۆمێنتی ئەمە بکات، هەربۆیە د.یوسف محمد سادق، سەرۆکی پێشووی پەرلەمان لەچاوپێکەوتنەکەیاندا دانی بەو راستییەدا ناوە کە بەڵێ دەسەڵات بەتایبەت (دەسەڵاتی یاسادانان) کاریگەرە بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت لەکاتی دەرکرنی بریارەکان.

هەربۆیە یوسف محمد سادق وتی:

*" کە ساڵی 2014 لەبەر لێشاوی تورەبوونی خەڵکی لە فەیس بووك پەشیمان بوونەتەوە لەهەندێ لەبریارەکانیان بەتایبەت لە بابەتی کرینی ئۆتۆمبێل بۆ ئەندام پەرلەمانەکانیان، کاتێك خولی نوێ دەستی پێکردووە بریاریانداوە کە وەك پەرلەمان ئۆتۆمبێل بکرین بۆ سەرجەم ئەندام پەرلەمانەکانیان، بەڵام دوای ئەوەی بەلێشاو هاوڵاتیان نیگەرانیان دەربریوە لەو بریارەی پەرلەمان چونکە لەوکاتەدا سەرەتای قەیرانی دارایی بووە، بۆیە پەرلەمان بریارەکەی راگرت و پەشیمان بوویەوە"*

بەڵام دەکرێت رای پێچەوانەی سەرۆکی پێشووی پەرلەمان هەبێت کە سۆشیاڵ میدیا ناتوانێ بریارە سیاسییەکان بگۆرێت، هەر بۆنموونە لەو فۆکەس گروپەکەی کە سازکرابوو لەگەڵ سەنتەری میترۆ لە شاری سلێمانی، رەحمان غەریب وەك سەرۆکی سەنتەرەکە پێی وایە کە لەهەندێ شتی لاوەکی دەسەڵات پەشیمان دەبێتەوە و لەبریارە بنەرەتییەکان پەشیمان نابێتەوە و میدیا کاریگەری نابێت.

رەحمان پێی وایە:

*" سۆشیاڵ میدیای کاریگەری هەیە لەسەر دەسەڵات و بریارە سیاسییەکان بەڵام لەهەندێ شتی لاوەکیدا دەسەڵات پەشیمان دەبێتەوە و کاریگەری میدیا راستەوخۆ دەردەکەوێت لەسەری"*

هەروەك لەخشتەكەشدا بۆ پشتراستكردنەوەی بەشێك لە قسەكانی غەریب، بەپێچەوانەی دەنگی بەڵێ، (٩٠) كەس بە "نەخێر" فۆرمەكەیان پڕكردۆتەوە بەرێژەی (٢٩,٨) كە پێیان وابووە سۆشیاڵ میدیا هێندە كاریگەری نەبووە كە بتوانێ بڕیاری سیاسی دەسەڵاتداران بگۆڕێت، یاخود هاوڵاتی نەیتوانیوە لەڕێگەی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانەوە دەسەڵات ناچار بكات پاشگەز ببێتەوە لەدەركردن و دەرنەكردنی هەربڕیارێكی سیاسی كە كۆمەڵگاكە دەیەوێت.

**خشتەی ژمارە (11)**

**كاریگەری و هەژموونی سۆشیال میدیا لەسەر دەسەڵات**

| هەژمووی سۆشیاڵ میدیا | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٢٣ | ٧٣,٨ |
| نەخێر | ٥٨ | ١٩,٢ |
| نازانم | ٢١ | ٧ |
| كۆ | ٣٠٢ | ١٠٠ |

لەبارەی پرسی بەشداری سیاسی و دەنگدان و كاریگەری میدیای نوێ لەمبارەوە، یەكێكی دیكە لە پرسیارە سەرەكییەكانی تەوەری ڕاپرسییەكە بریتی بووە لە (بەرای تۆ ئەمڕۆ سۆشیال میدیا توانا و هەژموون و كاریگەری هاوڵاتیانی لە سەر دەسەڵات زیادكردووە، بەتایبەت لە بەشداری سیاسیدا.؟) ئەم پرسیارە دەرەنجامی كۆی پرسیارەكانی ڕاپرسییەكە و بەتایبەت پرسیارەكانی ئەم تەوەرەیە كە زۆر بەسادەیی و ڕوونی ئاراستەی بەشداربووانی كۆمەڵگەی توێژنەوەكە كراوە بۆ زانینی هەژمووونی و كاریگەری میدیای نوێ لەسەر ڕەفتاری سیاسی، كە (٢٢٣) كەس بە "بەڵێ" وەڵامیان داوەتەوە بەرێژەی (٧٣,٨)، لەبەرامبەردا تەنها بەرێژەی (١٩,٢) و كەژمارەیان (٥٨) كەس بووە دەنگیان داوە بە نەخێر و پێیان وایە كە فەیس بووك و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان كاریگەریان لەسەر دەسەڵات و پرسە سیاسییەكان و بەشداری لە دەنگدان و ڕاپرسی نییە، كەئەمەش بەراورد بە بەڵێ ڕێژەیەكی زۆر كەمە و ناتوانرێت لەسەر ئەم بنەمایە باس لە بێ كاریگەری میدیای نوێ بكرێت، لەم نێوان بەڵێ و نەخێر (٢١) كەس بەرێژەی (٧) بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە، واتە بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ بێ ئاگایی خۆیان لە كاریگەری سۆشیاڵ میدیا نیشانداوە.

ڕای میوانەكانی بەشدار بوو لە چاوپێكەوتنی كۆمەڵگەی توێژینەوەكەمان جیاوازە لەمبارەوە كە هەندێكیان پێیان وایە كاریگەری سۆشیاڵ میدیا لەسەر دەسەڵات لە بەش و لاوەكیدایە نەك گشت، واتە لەهەندێ بابەتی لاوەكی كاریگەری داناوە و لەكۆی دەسەڵات كاریگەری نەبووە و بڕیاردەری سیاسی بەردەوام بووە لەسەر كارەكانی خۆی هەندێكیش بەپێچەوانەوە پێی وایە بەهۆی بەشداری هاوڵاتیانەوە لەڕێگەی سۆشیاڵ میدیا دەسەڵات ناچار بووە كە ئاراستەی سیاسی خۆی بگۆڕێت، لەنێوان ئەم دوو ڕایەدا ڕایەكی دیكەش هەیە كە پێ وایە كاریگەرییەكە زۆر بەهێز نییە.

ستران عەبدوڵا، وتەبێژو بەرپرسی دەزگای ڕاگەیاندنی یەكێتی نیشتمانی كوردستان، كەلەهەمانكاتدا ڕۆژنامەنوس و نوسەرێكی دیارە لە بواری كاری میدیایی و ڕۆژنامەگەری كوردیدا. یەكێكە لە كەسایەتییەكانی چاوپێكەوتنی توێژنەكەوە، دەڵێت:

*" دەسەڵات دەكەوێتە ژێر كاریگەری میدیای نوێ و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان، بەڵام دواجار هەندێ بنەماو هێڵی گشتی هەیە كە دەسەڵات بە ئاسانی لانادات لێیان و لەسەر ڕێرەو سیستەمی سیاسی خۆی بەردەوام دەبێت، بۆیە پێم وایە میدیای نوێ و فەیس بووك ناتوانێ گۆڕانكاری ڕیشەیی لەدەستدا بكات، هەروەكو لە بەهاری عەرەبی بینیمان 2011، دەسەڵاتەكانی خێرا گۆڕی بەڵام گۆڕانێكی كاتی بوو."*

هەروەها مەحمود عوسمان، وتەبێژی پارتی دیموكراتی كوردستان و بەرپرسی دەزگای ڕاگەیاندن و لاوانی حزبەكەش، لەبارەی كاریگەری میدیای نوێ لەسەر دەسەڵات دەڵێت:

*" ئەمڕۆ میدیا لەدەستی دەسەڵاتدا نەماوە بەتایبەت سۆشیاڵ میدیا، كە سادەترین شت لە میدیا پێدانی مۆڵەتە كە ئەمڕۆ بەهیچ شێوەیەك ئەمە لەلای دەسەڵات نەماوە یاخود دەتوانین بڵێین شتێك نەماوە بەناوی مۆڵەت و پێدانی مۆڵەت كە پێشتر دەسەڵات ئەمەی كۆنترۆڵ كردبوو، كە بەڕاستی دەبێت ئەمڕۆ سۆشیاڵ میدیا بەهەرشێوەیەك بێت ڕێك بخرێت"*

ئەو بەرپرسەی پارتی دەشڵێت:

" ئەمڕۆ سۆشیاڵ میدیا زۆرتر لەدەستی گەنجدایە بەتایبەت فەیس بووك، كە سروشتێكی خێراو بەپەلەی هەیە و گەنجیش بە سروشت حەزی لەمەیە، و تا ئەمڕۆ فەیس بووك و میدیای نوێ زۆربەی میدیای تەقلیدییەكانی وەك ڕۆژنامەی گۆشەگیر كردووە لەجیهانیش ئەم بابەتە بەمشێوەیە، بۆیە ئەمڕۆ گەنج لەڕێگەی فەیس بووك و میدیای نوێ كاریگەری خۆی دادەنێت."

هەرلەمبارەوە و لەبەرامبەردا وتەبێژەكەی نەوەی نوێ وەك حزبێكی ئۆپۆزسیۆن لە كوردستان، دەڵێت:

*"ئەمڕۆ میدیای نوێ میدیای نوخبە نییە وەك لە میدیای تەقلیدی ئەمە زۆرتر هەبوو بەڵكو سۆشیاڵ میدیا بووە بەمیدیای خەڵك، بۆیە بەهیچ شێوەیەك هیچ هێزێك ناتوانێ كۆنترۆڵی بكات، ئەمەشە وایكردووە كە بەڕاستی كاریگەری خۆی و هەژمووونی خۆی داناوە لەسەر دەسەڵات، هەرچەندە دەسەڵات دەیەوێ لەڕێگەی دەست گرتن بەسەر ئێنتەرنێتدا كۆنترۆڵی ئەمە بكات بەڵام ئەوەش ئاسان نییە چونكە ئەمڕۆ ئەویش لەدەستی ناوخۆ نەماوە و كۆمپانیا جیهانییەكان تەحەكومی پێوە دەكەن."*

هەروەها دلێر عەبدولخالق: وتەبێژەی بزووتنەوەی گۆڕان و لەهەمانكاتدا وەك گەنجێك كە پشت بە میدیای نوێ دەبەستێت لەمبارەوە وتی:

*" جگە لەوەی من كارەكتەرێكی سیاسی بم، چەندین توێژینەوەم خوێندۆتەوە لەسەر كاریگەری میدیای نوێ لەسەر ڕەفتاری سیاسی تاك و كاریگەری لەسەر دەسەڵات، كە بەڕاستی من پێم وایە، میدیای نوێ هێندە كاریگەری هەبووە زۆربەی كات دەسە ڵات بڕیارێكی گۆڕیوە بەبڕیارێكی دیكە، یان میدیا دەستكاری فۆرمی دەسەڵاتی كردووە، هەر هێندەی كە دەسەڵات دەیەوێت نێت دابخات و زۆربەی كاتەكان دەیەوێ فەیس بووك كۆنترۆڵ بكات یان خۆشی دەیەوێ لەڕێگەی پەیجەكانەوە كاریگەری خۆی دابنێت بەڕاستی دەرخەری ئەو ڕاستییەیە كە دەسەڵات لە میدیای نوێ و سۆشیاڵ میدیا ترساوە و حسابی تایبەتی بۆ دەكات، بۆیە دەیەوێ هەرچییەكی كردووە بەهەرشێوەیە بووە كۆنترۆڵی بكات تاكو كاریگەری كەم بكات."*

**ئەو بەرپرسەی گۆران دەشڵێت:**

*" لەكۆمەڵگەی كوردی نموونەی كاریگەری میدیا لەسەر دەسەڵات لەڕوی سیاسییەوە زۆرە، بەتایبەت ڕووداوەكانی 17ی شوبات و دواتری كە چۆن لەڕێگەی سۆشیاڵ میدیا بەتایبەت فەیس بووك، گەنجان توانیان 17 خاڵ و بڕیاری گرنگ بە دەسەڵات و پەرلەمان و حكومەت لەوكاتەدا دەربكەن."*

## دەرەنجام

دەرەنجامی توێژینەکە، توێژەر گەشتووە بەچەند راستییەکی زانستی روون، لەم خاڵانەی خوارەوە:

1ـ میدیای نوێ ئەمرۆ لە تەواوی جیهان کاریگەری لەسەر کۆمەڵگاکان بەشێوەیەك داناوە کە رەفتارو ئاراستەی سیاسیان رەنگرێژ دەکات.

2ـ هەرچەندە هێشتا هەندێ لە کەناڵەکانی میدیای تەقلیدی ماون و لەناو نەچوون، بەڵام کاریگەریان زۆر لاوازە بەراورد بە کەناڵەکانی میدیای نوێ بەتایبەت تۆرە کۆمەڵایەتییەکان.

3ـ لەسایەی میدیای نوێ و پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیاـ هاوڵاتی زۆرترو باشتر و ئاسانتر بەشداری کایەی سیاسی دەکات، تەنانەت هەندێ کات لەمیانەی دیموکراسی دیجیتاڵی وەك لەپێشتردا باسمان کرد، هاوڵاتی بەشداری لە بڕیارە سیاسییەکاندا دەکات.

4ـ میدیای نوێ یەکێکە لە کەناڵە کاریگەرەکانی سەر رەفتاری مرۆڤ، بەشێوەیەك کە ئەمرۆ مرۆڤێك دروست بووە کە هەموو خورەوشت و ئاکارەکانی لەمیدیاوە سەرچاوەیان گرتووە.

5ـ سۆشیاڵ میدیا خوڵقێنەری شۆرش و راپەرین و دەنگە نارەزایەتییەکان و گروپەکانی فشارو زیندویەتی بەهێزکردنی بنەماکانی دیموکراسییە.

6ـ میدیای نوێ دەبێتە هۆی هوشیاری سیاسی تاك کەدواجار گۆرانکاری ریشەی لە رەفتارو رەفتاری سیاسیدا تاکدا روو دەدات.

7ـ دەرەنجامی راپرسی توێژینەوەکە ئەوە دەردەکەوێت کە هاوڵاتی باوەری تەواوی بەوە هەیە کە لەلایەك میدیای نوێ کاریگەری لەسەر رەفتاری تاك دادەنێت لەلایەکی دیکەش تاك دەتوانێ لەرێگەی سۆشیاڵ میدیاوە کاریگەری لەسەر دەسەڵات و بریارەکانی دروست بکات.

8ـ دەرەنجامی چاوپێکەوتنەکان، ئەو دەرەنجامە دەردەکەوێت کە سیاسی و کەسایەتییەکانیش وەك هاوڵاتیان بارگراوی بوون بە سۆشیاڵ میدیا و کاریگەری میدیا راستەوخۆ لەسەریان دەرکەوتووە.

9ـ بەڵام رای جیاوازیش هەیە لەمەڕ کاریگەری میدیای نوێ لەسەر رەفتاری تاکەکان بەگشتی و بریارە سیاسییەکان بەتایبەتی.

10ـ بەگشتی سۆشیاڵ میدیا بۆتە هۆکاری ئەوەی کە کاریگەری لەسەر رەفتاری سیاسی تاك دابنێت، ئایا بەئاراستەی بەشداری سیاسی و دەنگی بەڵێ یاخود بەپێچەوانەوە بەئاراستەی بەشداری نەکردن و دەنگی نەخێر، کە دواجار لە هەدوو بارەکەدا تاك رەفتارێکی سیاسی نواندووە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان

ئەبوزەید، فاروق، (2021)، وەرگێرانی، فاروق جەمیل کەریم، میدیا و دەسەڵات (میدیای دەسەڵات و دەسەڵاتی میدیا) چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
ئەبوبەکر، هەڤاڵ (2002)، (راگەیاندن و راگەیاندنی کوردی، سلێمانی، چاپخانەی و ئۆفیسی تیشك)
شوانی، ئەرشەد خەلیل (2014)، (راگەیاندن و هۆشیاری سیاسی، هەولێر، چاپخانەی موکریانی)
بەدەوی، محمد عەلی،( 2014 ) وەرگێرانی، مەم بورهان قانع، (لێکۆڵینەوەی سۆسیۆ مێدیایی، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی)
ئەلرەزا، هانی ، رامز عەممار، (ساڵ نییە)وەرگێرانی: ئەحمەد سەلام، (رای گشتی و راگەیاندن و بانگەشەکردن، وەزارەتی رۆشنبیری و بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، ساڵ نییە)
سەعید، نەزاکەت حسێن (2019) (سۆسیۆلۆژیای راگەیاندن، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی)
تاڵەبانی، رێبەر گۆران، رێشاوی، یەحیا عومەر (2020) (میدیای نوێ لەسایەی شۆرشی زانیارییەکاندا، تۆری ئەکادیمیاو دیالۆگی میدیا).
مەجید، فەرەج ڤیان (٢٠١٠) (سیستمەکانی هەلبژاردن وپرنسیپەکانی دەنگدان،چاپی دووەم،چاپخانەی بینای،سلێمانی)٢٠١٠.
ڕابەر، تەلعەت(2006): (گەنج و بەشداری سیاسی ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە: هەولێر)
احمد، نەوشیروان فرج (٢٠٢٠) (رۆڵی مارکێتینگ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە زیادکردنی فرۆشدا کۆمپانیاکانی (ئاسیاسێل و کۆڕەك تیلیکۆم) بە نموونە، پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماجستێر لە زانستی ڕاگەیاندن،٢٠٢٠زایینی.
کاروان عەبدوڵاـ میدیاو کاریگەری لەسەر رەفتاری سیاسی، وتاری رۆژنامەوانی، هەولێر: 2020ـ لەسەر ماڵپەری : http://www.rozhnamawany.com/?p=2913
رسول، عابد خالید(٢٠١١): (بەشداریکردنی سیاسی، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی : سلێمانی)
سلێمان، بورهان حاجی (بەحیزبیکردنەوەی سەندیکاو رێکخراوەکان، بیرورا: PM - 02:47 (2015-05-02لەسەر هێڵی نێتی: / https://www.pukmedia.com/KS/details/?Jimare=60617
وەلەد بەگی، ئازاد: (٢٠١٧) ئازادی خۆپیشاندان لە نێوان یاساو پراکتیکدا ،وەرگیراوە لە سایتی penus.krd .

### دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان

كافي، مصطفى يوسف (2016) (الاعلام و التنمية، دار وائيل للنشر والتوزيع، الطبعة الأول).
الزبيدي، (2013) منذر صالح جاسم (دور وسائل الاعلام في صنع القرار السياسي، دار حامد للنشر والتوزيع، الاردن، عمان، الطبعة الاول)
خيروالله، هشام رشد (محاضرات في نظريات الاعلام، كلية التربية النوعية، قسم علم الاجتماعيية والاعلام)
شلبى، كرم ( 1994) (معجم المصطلحات الإعلاميه، دار الجيل، بيروت، الطبعه الثانيه)
الشيخلى، خالد رشيد على، (1981)، الاعلام العربى واقعه وابعاده ومستقبله، دار الحريه للطباعه ـ بغداد.
مصطاف، عادل عبدلرزاق، نوشي،زينة سعد ( 2018) (استخدامات وسائل الإعلام الرقمي وتأثيرها على بناء المنظومة القيمية للمجتمع العراقي، مجلة الباحث الإعلامي، مجلد (10) العدد (42)كانون الأول)
نبار، ربيحة.. مقاوسي، كريمة ( 2020)(جدلية العلاقة بين الإعلام التقليدي والإعلام الجديد) مقال نشر مجلة جيل العلوم الانسانية والاجتماعية العدد 68.
جاسم، مؤيد نصيف (مقاربة تحليلة بين الاعلام الجديد والتقليدي، مجلة الباحث الإعلامي) العدد 36.
الاسود، صادق (1990) (علم الاجتماع السياسي أسسه و أبعاده 1990)
العطية، فوزية (1992) (المدخل الى دراسة علم النفس الاجتماعي، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بغداد، 1992، )
عبدالهادي، محمد (2005) (علم النفس الاجتماعي، دار العلوم العربية، بيروت 2005)
الشفيع، ريماز أحمد خلف الله (2017)، (تأثير السكن العشوائي على سلوكيات الأفر اد (دراسة حالة منطقة عشش فلاتة)، بحث تكميلي مقدم لجامعة السودان لنيل درجة الماجستير في التصميم الحضري، 2017)

كمال محمد الأسطل، (السلوك السياسي والمفاهيم السلوكية، 2012/11/21) على الرابط الكتروني:
http://k-astal.com/index.php?action=detail&id=254

ليلى العاجب، مفهوم السلوك في علم النفس، ٤ أكتوبر ٢٠٢١: على الرابط الكتروني : https://mawdoo3.com/%D9%85%D9%81%D9%87%D9%88%D9%85_%D8%A7%D9%84%D8%B3%D9%84%D9%88%D9%83_%D9%81%D9%8A_%D8%B9%D9%84%D9%85_%D8%A7%D9%84%D9%86%D9%81%D8%B3

دافيدوف، لندا ل. (1983) ترجمة: د. سيد الطواب وآخرون، (مدخل علم النفس، دار ماكجروهيل للنشر والدار الدولية للنشر التوزيع، القاهرة، ط4)

جمال زرن، الإعلام التقليدي والجديد في سياق تمدد الإعلام الاجتماعي وشبكاته، مركز الجزيرة للدراسات، 27مارس 2017ـ على موقع التالي:
https://www.academia.edu/32066200/%D8%A7_2017

العاني، مزهر ـ حارق عبود، (2015) (الإعلام والهجرة الى العصر الرقمي، عمان ـ دار و مكتبة الحامد للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، 2015).

ديفلير، ملڤين ـ ل ساندرا بۆل رۆكيتچ، (2021) وەرگێرانی: سەنگەر حاجی، تیۆرەکانی راگەیاندن، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، خانی ، دهۆك،

البركات، نضام ـ الحلوة، محمد ـ عثمان، الرواف: (2010)مبادئ (علم السياسة ، طبعة العاشرة، العبيكان للنشر، 2010)

أبراش، أبراهيم (1998) (علم الا جتماع السياسي، دار الشرق للنشر والتوزيع ،فلسطين) 1998.

حمادي، المساوي محمد عبد (2019):(النضام اللنتخاب ...وبناء العملية الديموقراطية، طبعة الاولي، العربي للنشر واللتوزيع، قاهرة)

عبدالهادي، إيمان، (2020) (الأحزاب في عصر الإعلام .. تعقيدات الممارسة السياسية فى النظم الديموقراطية، أبريل،) على رابط الكتروني : HTTPS://ARABPRF.COM/?P=2922

مجاهد، حنان (2016) (استخدام مواقع التواصل الاجتماعي في الحملة الانتخابية، المجلة الدولية لإلتصال الإجتماعي، جامعة عبد الحميد بن باديس- مستغانم . الجزائر) العدد: 3.

مصطفى، رفعت محمد (٢٠١٨):(الرأي العام في الواقع الافتراضي وقوة التعبئة الافتراضية، العربي للنشر و التوزيع).

البصراتي، د.محمد نور السيد، (2014) على دور الاعلام جديد في تعزيز المشاركة السياسية، (مصر نموذجا)مجلة علوم الإنسان والمجتمع:: على الرابط الكتروني : https://www.asjp.cerist.dz/en/article/48285

## سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان

Martin Lister. (2003)the others )New Media: a critical introduction ـ Second Edition. london and new work.

Darwin's Disciples. (2012)What Is "Behavior" Anyway?What do animal behaviorists mean by the word "behavior".

EC-UNDP Joint Task Force on Electoral Assistance. ( 2020) Elections: A first step towards democracy. POSTED SEPTEMBER 14.

McGonagle(2019) Tarlach .Bednarski, Maciek.(Elections and media in digital times) UNESCO..

Jasko Mahmutovic.( 2020).( How to Use Social Media Surveys (+ Benefits & Tips) .Available on: https://www.surveylegend.com/online-survey/how-to-use-social-media-surveys-benefits-tips/

Bali et al. ( 2020).(Iraqi media entrepreneurs across social media: Factors and challenges. Journal of Digital Media & PolicyNov 1.p13.

Lise Rakner.( 2019)Civil society's role in petroleum sector governance: The case of Tanzania/ CMI Brief . (Available on: . https://www.cmi.no/publications/6850-civil-societys-role-in-petroleum-sector-governance-the-case-of-tanzania

Grewal S. (Time to rein in Tunisia's police unions. Project on Middle East Democracy 2018 Jul:1-0.(p127

Smidi, Adam, and Saif Shahin. (2017): "Social media and social Mobilisation in the Middle East: A survey of research on the Arab spring." India Quarterly 73.2 pp196-209.